پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و کوشتنی خەڵکی سڤیل دەکات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5783) یەک شەممە 7ی تەمموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار




دوێنێ شەممە 2019/7/6 بە سەرۆکایەتیی د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە 10ی ئاسایی خولی بەهارە لە سالّی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

نێچیرڤان بارزانی ستایشی کابینەی هەشتەمی حکوومەت دەکات



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە لە قۆناغێکی سەختدا هەرێمی کوردستانی بەڕێوە برد و بە گیانی یەکتیمی ڕووبەڕووی سەختی و قەیرانەکان بووەوە.

لە دیدارێکیدا لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومەت، ئێوارەی دوێنێ شەممە 2019/7/6 بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە وتەیەکدا سوپاسی هەموو لایەنە بەشدارەکانی حکوومەتی کرد و هەموو پشتگیرییەکی خۆی بۆ بەڕێز سەرۆک وەزیرانی داهاتوو و کابینەی دووپات کردەوە. **(دەقی وتەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ل3 بخوێنەوە)**



مەسرور بارزانی و نوێنەری تایبەتی سەرۆکی فەرەنسا بۆ سووریا کۆبوونەوە

ڕۆژی پێنجشەممە 2019/7/4 مەسرور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە فرانسوا سینیمو نوێنەری تایبەتی سەرۆکی فەرەنسا بۆ سووریا و شاندی یاوەری کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

کێشەی کارەبای دهۆک چارەسەرکرا

کێشەی کەمیی کارەبای دهۆک چارەسەر کرا و گوتەبێژی وەزارەتی کارەباش ئاشکرای کرد، سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی لەسەر خەتە و گازوایل دابینکراوە بۆ ئەوەی وێستگەی کواشێ لە دهۆک دەست بە بەرهەمهێنانی کارەبا بکات. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

پۆلیسی فیدرالّی مالّ و باخی هاووڵاتییانی گوندی شالیاری کاکەییەکان دەسووتێنێت



بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی بزووتنەوەی مافی کورد، لە دوای سالّی 2006ـەوە، نزیکەی 800 هەزار هاووڵاتی عەرەب لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە هاتوونەتە کەرکووک، لەو ژمارەیە تاکو ئێستا کەمتر لە 200 هەزاریان گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان. هەر بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەوانی دیکە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە پشتگیری نیشتەجێبوونیان بۆ کراوە و زۆربەشیان لە دامودەزگا حکوومییەکان دامەزراون، بەشێکیان، عەرەبی هاوردەن و قەرەبووی ماددەی 140یشیان وەرگرتووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

وەزارەتی پێشمەرگە:

حەشدی شەعبی و پێشمەرگە جیاوازن



ئەمیندارای گشتی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی هاوەیانی نەسر ڕایدەگەیەنێت: هێزەکانی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی جیاوازییان هەیە، فەریق جەبار یاوەر لەو بارەیەوە ڕایدەگەیەنێت: هێزەکانی پێشمەرگە هێزی شەرعیین و بەپێی دەستوور ڕێگەپێدراون و لەناکاو دروست نەبوون. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بۆ خەبات:

لە ئێستادا ئۆتۆمۆبێل بە مامۆستایان نادرێت

دەنگۆی پێدانی ئۆتۆمۆبێل بە مامۆستایان بووە بابەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە گوایە ئۆتۆمۆبێل بە قیستی درێژ خایەن و بێ تاپۆی خانوو و بێ زیادە خستنەسەر بە مامۆستایان دەدرێت لە هەموو جۆرو مۆدێلێک، ئەم هەواڵە تاڕادەیەکی زۆر دڵخۆشکەر بوو بۆ مامۆستایان. **(زیاتر لە ل8 بخوێنەوە)**

پەرلەمانتارێک: داوامان کردووە ئەو پرسانەی تایبەتن بە هەرێمی کوردستان بە سازان تێپەڕێندرێن

ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، گوتی: پەسەندکردنی پرۆژەیاسای دادگای فیدرالّی، لەسەر سازانی لایەنەکان ماوەتەوە و تاوەکو تەوافوقیش نەبێت، پەسەندکردنی ئەستەمە، چونکە پێویستی بە 220 دەنگ هەیە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئاهەنگەکانی ڕۆژی سەربەخۆیی ئەمەریکا بە بەشداریی تانک و فڕۆکەی سەربازی بەڕێوەچوو



لە کاتێکدا 243یەمین سالّیادی سەربەخۆبوونی ئەمەریکاوە، گوتاری سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالّد ترەمپ کە لە واشنتۆن پێشکەشیکرد و ڕێورەسمێکی تایبەت بە بەشداریی تانک و فڕۆکە، جێ پەنجەیان بە ڕۆژی سەربەخۆبییەوە جێهێشت. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

ئەندامانی حەشدی شەعبی پابەندی هیچ فەرمان و دیسپلینێکی سەربازی نین

دووای ئەوەی بڕیار درا بە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە چوارچێوەی وەزارەتی بەرگری عێراقدا، ئێستا باس لەوە دەکرێت بەشێک لەو هێزانە ئاماده نین فەرمان لە فەرماندەییی گشتیی هێزە چەکدارەکان وەربگرن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



پرسەنامەی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی فەرماندە سابیر بێسەری

بەبۆنەی کۆچی دوایی عەمید سابیر عەبدولڕەحمان ناسراو بە سابیر بێسەری، پێشمەرگە و فەرماندەی دڵسۆز و تێکۆشەر و باوکی شەهید کەیوان بێسەری، سەرۆک بارزانی پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەی کۆچکردوو کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بۆ خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو عەمید سابیر بێسەری

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و فەرماندەی دڵسۆز و ماندوونەناس، کاک (سابیر بێسەری)مان پێ گەیشت. کاک سابیر جگە لەوەی هەموو تەمەنی خۆی دڵسۆزانە بۆ خزمەتی گەل و وڵاتەکەی تەرخان کرد، کەیوانی کوڕە تاقانەکەشی بە نیشتمان بەخشی.

لەم بۆنە خەمناکەدا، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەواده تێکۆشەرەکەتان و هەڤاڵانی کاک سابیر دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خوای گەورە دەپارێمەوە گیانی کاک سابیر بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و دڵنەوایی هەموولایەک بدات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەسعود بارزانی
4ی7ی2019

پرسەنامەی مەسرور بارزانی بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو فەرماندە سابیر بێسەری


بەبۆنەی کۆچی دوایی عەمید سابیر عەبدولڕەحمان ناسراو بە سابیر بێسەری، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، کەسایەتی دیاری ناوچەکە و باوکی شەهیدی تاقانە، کەیوان بێسەری، بەڕێز مەسرور بارزانی پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەی کۆچکردوو کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو سابیر عەبدولڕەحمان قادر

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی سابیر عەبدولڕەحمان قادر، ناسراو بە سابیر بێسەری، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، کەسایەتی دیاری ناوچەکە و باوکی شەهیدی تاقانە، کەیوان بێسەرپان پێگەیشت. هاوبەشی خەمتانین، بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشی لە ئێوە و خزم و کەسوکار و دۆستانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لە خوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و سەبووری و دڵنەواییش بە هەموو لایەک ببەخشێ.

انا لله و انا الیه راجعون

براتان/مەسرور بارزانی
2019/7/4



مەسرور بارزانی و نوێنەری تایبەتی سەرۆکی فەرەنسا بۆ سووریا کۆبوونەوە

رۆژی پێنجشەمە 2019/7/4 مەسرور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە فرانسوا سینیمو نوێنەری تایبەتی سەرۆکی فەرەنسا بۆ سووریا و شاندی یاوەری کرد.

لەم دیدارەدا، کە کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە هەولێر ئامادەبوو، دوا پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان هەردوو گەلی فەرەنسا و کوردستان تاوتوێ کران.

مەسرور بارزانی پشتیوانی و یارمەتییەکانی فەرەنسای بۆ هەرێمی کوردستان بەرزنرخاند و تیشکی خستە سەر هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەئاراستەی چارەسەرکردنی کێشە و پرسە هەڵواسراوەکان.

لەبەشێکی دیکەی دیدارەکەدا بیرورا لەبارەی بارودۆخ و پەرەسەندنی ڕەوشی سووریا ئالووێر کرا و جەخت کرایەوە، کە پێویستە لەهەر چارەسەرێکدا گەرەنتی مافی هەموو پێکهاتەکان بکرێت و تەواوی هێزە نیشتمانییەکان لە دارشتنەوەی ئایندەی وڵاتەکە بەشدار بن.

لەلای خۆیەوە نوێنەری تایبەتی سەرۆکی فەرەنسا بۆ سووریا وێڕای بەئاوات خواستنی سەرکەوتن بۆ مەسرور بارزانی لە سەرۆکایەتی کردنی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دووپاتی لە درێژەدان و فراوانکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کردەوە و ڕایگەیاند، وڵاتەکەی لە پشتیوانی و هاوکاری هەرێمی کوردستان بۆ پێشکەوتنی زیاتر بەردەوام دەبێت.

800 هەزار عەرەبی هاوردە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە هاتوونەتە کەرکووک

پۆلیسی فیدراڵی ماڵ و باخی هاووڵاتییانی گوندی شالیاری کاکەییەکان دەسووتێنێت

جیاوازی نەتەوەیی لە کەرکووک بە ئاشکرا بەدیدەکرێت



بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی بزووتنەوەی مافی کورد، لە دوای ساڵی 2006ـەوە، نزیکەی 800 هەزار هاووڵاتی عەرەب لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە هاتوونەتە کەرکووک، لەو ژمارەیە تاکو ئێستا کەمتر لە 200 هەزاریان گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان. هەر بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەوانی دیکە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە پشتگیری نیشتەجێبوونیان بۆ کراوە و زۆربەشیان لە دامودەزگا حکوومییەکان دامەزراون، بەشێکیان، عەرەبی هاوردەن و قەرەبووی ماددەی 140یشیان وەرگرتووە.

تەعریب وەک بەشێک لە پڕۆژەی بەعس لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە بە ئامانجی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکان لە دژی کورد جێبەجێدەکرێت. پڕۆژەکە هێشتا بەزیندوویی ماوەتەوە و دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق وەکو میراتگری بەعسییەکان درێژەیان پێداوە و کوردیان لە زۆربەی شوێنەکان ڕاگواست و لە شوێنی ئەوان عەرەبیان نیشتەجێکرد.

لە ساڵی 2006 بە بیانووی شەڕی تایەفی 13 هەزار خێزان، کە 60 هەزار کەس بوون لە کەرکووک نیشتەجێکران و تاکو ئێستا نیوەی ئەو ژمارەیە لە کەرکووک ماونەتەوە و نەگەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان. لە ساڵی 2014 و بەهۆی شەڕی داعشەوە، 118 هەزار خێزان، کە 700 هەزار کەس بوون لە کەرکووک نیشتەجێکران، بەشێکیان خەڵکی شارەکانی موسڵ و دیالە و تکریت و ئەنبار بوون، بەشەکەی دیکەیان خەڵکی حەویجە و عەباسی و ریاز و ڕەشاد و زاب بوون، لەو ژمارەیە تەنیا 150 هەزاریان گەڕاونەتەوە. تەعریب کوردی لە دامودەزگا ئەمنی و ئیدارییەکانیش لاوازکردووە، جیاوازی نەتەوەیی بە ئاشکرا لە کەرکووک بەدی دەکرێت زۆرینە بووە بە کەمینە و هیچ دەسەڵاتێکی نەماوە.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە خەڵکی ناوچەکەوە دەست کەوتوون، لە گوندی شالیاریی کاکەییەکان لە باشووری کەرکووک پۆلیسی فیدراڵی عێراق ماڵ ڕەز و باخی هاووڵاتییانی گوندەکە دەسوتێنن، لەوبارەیەوە ڕەجەب عاسی کاکەیی چالاکوانی کاکەیی ڕایگەیاندووە: لەنێو گوندەکە پۆلیسی فیدراڵی پێنج ماڵیان سوتاندووە لەگەڵ ڕەز و باخی چەند هاووڵاتییەک و تا ئێستا هۆکاری سووتاندنی ڕەز و باخ و ماڵی هاووڵاتیان لەلایەن پۆلیسەوە نازانرێت. هەروەها گووتی: گومان دەکەین سووتاندنی ئەم گوندە پەیوەندی بەوە هەیبێت ئێستا بڕیار دەرچووە پۆلیسی فیدراڵی لە ناوچەکانمان بکشێنەوە و سوپای عێراق بێتە شوێنیان، ئێمەش ئەم کارە وەک تۆڵە سەندنەوە تەماشا دەکەین. گوندی شالیاری کاکەیی یەکێکە لە گوندە کاکەییەنشینەکان کە دەکەوێتە باشووری کەرکووک و سەر بە شارۆچکەی داقووقە.

سەرچاوە: کوردستان24

وەزارەتی دەرەوەی عێراق:

لێدوانەکەی فەرید یاسین قبووڵکراو نییە



فەرید یاسین سەبارەت بە دامەزراندی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا، قبووڵکراو نییە. ئەحمەد سەحاف گوتوویەتی: وەزارەتی دەرەوەی عێراق بۆ سەرجەم وڵاتان و میدیاکان جەخت دەکاتەوە کە گرنگییەکی تایبەت دەدات بە کێشەی فەڵەستین.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: هەڵوێستی عێراق بەرامبەر بە کێشەی فەڵەستین نەگۆڕە، لەو ڕوانگەیەوە عێراق بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلی داگیرکاردا دانامەزرێنێت.

بەڵاوکرابوویەوە و تیادا گوتبووی: لەبەر هەندێک هۆکار، گرنگە عێراق پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا دابمەزرێنێت. لەمبارەیەوە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ئەحمەد سەحاف لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە لێدوانەکەی وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایدەگەیەنێت، لێدوانەکەی بالێوزی وڵاتەکەی لە واشنتۆن، فەرید یاسین سەبارەت بە ئیسرائیل، قبووڵکراو نییە. پێشتر لێدوانێکی بالێوزی عێراق لە واشنتۆن، فەرید یاسین لە میدیاکاندا

پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای دادگای فیدراڵی پەیوەستە بە سازانی لایەنەکان

ڕێبوار هادی: داوامان کردووە ئەو پرسانەی تایبەتن بە هەرێمی کوردستان بە سازان تێپەڕێندرێن



ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، گوتی: پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای دادگای فیدراڵی، لەسەر سازانی لایەنەکان ماوەتەوە و تاوەکو تەوافوقیش نەبێت، پەسەندکردنی ئەستەمە، چونکە پێویستی بە 220 دەنگ هەیە.

ڕێبوار هادی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: دادگای فیدراڵی خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ کراوە و تەنیا ماوە دووبارە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و لایەنەکان لەسەری بگەنە ڕێککەوتن و دابڕێژرێتەوە و ڕاپۆرتی کۆتایی لەبارەوە ئامادە بکرێت بۆ پەسەندکردن، چونکە ئەوەی لە حکوومەت بۆ ئێمە هاتووە هەموو لایەنەکان تێبینییان لەسەر هەیە، بۆیە تێپەڕبوونی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژەیاسایە پێویستی بە دوو لەسەر سێی دەنگی پەرلەمانە بۆ پەسەندکردن کە دەکاتە دەنگی 220 پەرلەمانتار، بۆیە بێ سازان، پەسەندکردنی ئەستەمە.

هادی گوتیشی: تێبینی و داواکاریی کورد لەو پڕۆژەیاسایەدا ئەوەیە، کە لە ماددەی دوو باسی داودەرەکان و شارەزای ئاینی و یاسایی دەکات و ئێمە پێمانوایە شارەزایانی ئایینی پێویستە تەنها لە پرسە ئایینییەکان ڕایان هەبێت و ئەوانەی شارەزای یاساشن، تەنها لە پرسە یاساییەکان دەنگیان هەبێت و لە پرسەکانی دیکە تەنها داودەرەکان مافی دەنگدانیان هەبێت، سەبارەت بە ماددەی سێیەمیش، ئێمە داوا دەکەین سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش مافی ئەوەی هەبێت داودەرەکان دیاری بکات بۆ دادگای فیدراڵی، هەروەها لە ماددەی پێنجیشدا باسی تایبەتمەندییەکان دەکرێت و پێمانوایە پێچەوانەی دەستوورە، چونکە سێ تایبەتمەندی بۆ زیاد کراوە و پێویستە لاببرێن. دەشڵێ: ئێمە داوامان کردووە ئەو پرسانەی تایبەتن بە هەرێم و پارێزگاکانەوە، پێویستە بە سازان تێپەڕێندرێن، بەڵام ئەوان داوا دەکەن بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان بێت، بۆیە ئەگەر ئەو تێبینی و داواکارییەی ئێمە جێبەجێ نەکرێت، دەنگ بەو پڕۆژەیاسایە نادەین.

نێچیرڤان بارزانی ستایشی کابینەی هەشتەمی حکوومەت دەکات



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە لە قۆناغێکی سەختدا هەرێمی کوردستانی بەڕێوە برد و بە گیانی یەکتیمی ڕووبەڕووی سەختی و قەیرانەکان بووەوە.
لە دیدارێکیدا لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومەت، ئێوارەی دوێنێ شەمە 6/7/2019 بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە وتەیەکدا سوپاسی هەموو لایەنە بەشدارەکانی حکوومەتی کرد و هەموو پشتگیرییەکی خۆی بۆ بەڕێز سەرۆک وەزیرانی داهاتوو و کابینەی دووپات کردەوە. ئەمە دەقی وتەکەیەتی:

برای خۆشەویستم کاک قوباد تالەبانی، جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان،
وەزیرە بەڕێزەکان، تیمی ئەنجومەنی وەزیران، ڕاوێژکاران و هەموو ئەو بەڕێزانەی ئەمڕۆ لێرە تەشریفتان هێناوە،

ئێوارەتان باش..
هەموو لایەکتان بە خێر بێن..
پێش کابینەی نوێ کە پەنا بە خوا بە زوویی دەستپێدەکات، ئەمڕۆ ئەو هەواڵەمان پێگەیشت بە خۆشحاڵییەوە کە لەلایەن یەکێتییەوە دیسانەوە بەڕێز کاک قوباد تاڵەبانی وەکو جێگری سەرۆکی حکوومەت دەستنیشان کراوەتەوە. سەرەتا پیرۆزبایی لە خۆی و لەو بەڕێزانە دەکەم کە لە حزبەکانی دیکەش دەستنیشان کراون بۆ پۆستی وەزارەتەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا.
من دەمەوێ لەم ڕۆژەدا باسی هەندێک شت بکەم کە لە دەستپێکردنی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەتایەکی زۆر خۆشمان بەیەکەوە دەستپێکرد، هەمومان وەکو تیم پێکەوە لە ڕۆژی یەکەمی کابینەکە هەوڵمان دا کە کاری باشتر لە هەموو بوارێکدا بکەین بۆ ئەوەی کوردستان بەرەو قۆناغێکی نوێ و بەرەو قۆناغێکی باشتر بڕوات. زۆر بەداخەوە شانسی ئەوەمان زۆر نەبوو، هەر لە دەستپێکردنی ساڵی 2014 قەیرانی جددی لەم وڵاتە بە بڕینی بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە بیانووی ئەوەی کەوا ئێمە نەوتمان هەناردەی دەرەوە کردووە دەستی پێکرد، دواتر هاتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان، دابەزینی نرخی نەوت و هاتنی داعش کە بۆ ئێمە شتێکی نوێ بوو لە هەرێمی کوردستان.
سنووری ئێمە هەزار و سەد کیلۆمەتر بوو، ئێمە لە جیاتی ئەوە پێکەوە بین و لەناو عێراق بین، سنوورمان لەگەڵ داعش هەبوو. لەم قۆناغە سەختەدا کە باوەڕ ناکەم لە ساڵی نەوەد و یەکەوە کوردستان هەرگیز بەو قۆناغە سەختەدا تێپەڕبێت، چ لە ڕووی سیاسییەوە، چ لە ڕووی ئابوورییەوە و چ لە ڕووی سەربازییەوە، تەنها یەک شت توانی وا بکات کە ئێمە بەرگەی ئەو هەموو شتانە بگرین، یەکەمیان تێگەیشتنی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان بوو لەو دۆخە سەختە و دوای ئەوەش پێکەوەکارکردنی ئێمە وەکو تیم.
لێردا دەمەوێ بە ڕاستی ئاماژە بۆ ڕۆڵی بۆ ڕۆڵی برای خۆشەویستم کاک قوباد تاڵەبانی بکەم وەکو جێگری سەرۆک وەزیران لە هەموو ئەو کارانەی کە لەو ماوەیەدا ئەنجامی داوە. سوپاسی خۆی بکەم و سوپاسی تیمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەم کە هەر هەموویان پێکەوە مانەوە و شانیان دا بەر ئەو سەختی و ئەو ناخۆشییەی کە لەم ڕێگەیەدا هەبوو لە هەموو ڕوویەکەوە و هەر ئەوەش بوو وایکرد ئێمە بتوانین ئەمڕۆ لێرە بوەستین کە کابینەیەکی تر لەم ڕۆژانەدا پێکدەهێنرێت، بەڵام گەر باسی ئەو قۆناغە بکەین، ئەگەر بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی و یەکتیمیی ئێمە نەبوایە، ئێمە سەرنەدەکەوتین.

کاک قوباد بە هەموو مانای وشە دەوڵەتداری کردووە، من دەزانم زۆر فشاری لەسەر بوو لە زۆر لایەنەوە، بەڵام ئەوەی کە ئەو کردی لەو ماوەیەدا بەبێ موجامەلە دەڵێم وەکو هاوکارێک و برایەک پێکەوە کارمان کردووە، هەموو هەوڵێکی جددی داوە بۆ ئەوەی کوردستان لە کارەکانیدا بە دامەزراوەیی بێت. هەوڵی داوە چاکسازیی دروست لەم وڵاتەدا ئەنجام بدات و چاکسازی بکرێت و فشاریشی لەسەر بووە. من لەوەش تێدەگەم کە قوناغ قوناغێکی نوێ بوو لەو کاتەدا و زەحمەت بوو، ئاسان نەبوو، بەڵام ڕۆڵێکی زۆر گرنگی بینی لەو چاکسازیانەی کە ئێمە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەنجاممان دا چ لە ڕووی شەفافییەت لە پرسی نەوت، لە پرسی بایۆمەتری و ئەو ڕیفۆرمانەی کە لە وەزارەتی دارایی ئەنجاممان داوە، جێ پەنجەی دیارە و هیوادارم لەم قۆناغەی ئێستاشدا پەنا بەخوا هاوکاری تەواوی بەڕێز سەرۆک وەزیرانیش دەبێت، هەردووکیان پێکەوە دەتوانن قۆناغێکی باشتر لەوەی ڕابردوو پەنا بەخوا بنیات بنێن لە خزمەتی هەرێمی کوردستان و هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا.
بیرم دێت ئێمە هەر لەم باڵەخانەیە چەندین کۆبوونەوەمان دەکرد بۆ ئەو قۆناغە سەختانەی بۆ هەرێمی کوردستان هاتبوونە پێش، بۆ من وەک شەخس و جێگری سەرۆک وەزیران کاک قوباد، پێمواید گەورەترین و سەختترین بڕیار ئەوە بوو ئێمە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان زۆر بەداخەوە کەم بکەینەوە، سەختترین بڕیار بوو لە ژیانی سیاسیی ئێمەدا.
دەمەوێ لێرە بەبیر خۆمی بهێنمەوە کە تێگەیشتنی هاوواڵاتیان و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان ئێمەی لەو دۆخە سەختە ڕزگار کرد و ئەگەر ئەو تێگەیشتنە نەبوایە، ئەستەم بوو ئێمە بتوانین ئەو قۆناغە سەختە بەو شێوەیە تێپەڕێنین، بەڵام تێگەیشتن هەبوو، کێشە لێرە و لەوێ هەبوو، بەڵام تێگەیشتن بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان وایکرد ئێمە توانیمان بەسەر ئەو قۆناغە سەختەدا سەرکەوین و سوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ بۆ چەند مانگێکە مووچەی مووچەخۆران وەک خۆی دەدرێت و هیواداربن لە ئایندەشدا ئەوە دووبارە نەبێتەوە و هیوای ئەو ڕۆژە ناخوازین.
دەمەوێ سوپاسی ئەو لایەنانەش بکەم وەک گوتم وەکو یەک تیم پێکەوە کارمان کرد و پێکەوە هاتینە ناو حکوومەت. زۆر ئاساییە و ڕاستە هەڵوێستی سیاسی وایکرد ئێمە لە یەکتری دابڕاین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو ماوەیە کە پێکەوە کارمان کردووە، هیچ وشەیەکم نییە لێردا بیڵێم تەنیا ئەوە نەبێت کە پڕ بەدڵ سوپاسی هەریەکەتان دەکەم چ ئەوانەی کە لە دەستپێکردن پێکەوە کارمان کرد و چ ئەوانەی کە دوای ئەوەش ئێمە پێکەوە ماینەوە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا.
ئیرادەی هەموولایەکمان بەیەکەوە ئێمەی گەیاندە ئەم ڕۆژە، دەمەوێ لێرە ئاماژە بەوە بدەم سوپاسێکی تایبەتی کاک ڕێباز حەملان بکەم کە لەم قۆناغە سەختەدا وەکو وەزیری دارایی دوای گەڕانەوەی بۆ وەزارەت، کاری زۆر باش و خزمەتێکی باشی پێشکەش کرد و دەمەوێ لێرەوە سوپاسی بکەم.
سوپاسی ئەو وەزیرانە دەکەم کە ناچارب وون جیا لە وەزارەتی خۆیان بە وەکالەت کاروباری وەزارەتێکی دیکەش بەڕێوە ببەن، هەم ئیش و کاری وەزارەتەکانی خۆیان بەڕێوە دەبرد و هەم وەزارەتەکانی دیکە. دەمەوێ سوپاسیان بکەم، دۆخەکە ناخۆش بوو و نامەوێ بچمەوە سەر ئەو وردەکارییانە، چونکە لە ڕووی سیاسییەوە بێگومان هەموو ئامانجێک ئەوە بوو ئەو حکوومەتە بڕووخێت و کاریان دەکرد بۆ ئەوەی حکوومەت نەمێنێت، ئینجا جۆرەها وشەو و ناویان دۆزیبووەوە، وەک حکوومەتی ئینقازی وەتەنی، حکوومەتی کاربەرێکەر.
ئەگەر تۆزێک بچینە دواوە و بەبیر خۆمانی بهێنینەوە، ئەم چوار پێنج ساڵە زۆر سەخت بوون. بۆ هەر هەموتان سەخت بوو نەک بۆ من تەنیا، بەڵام ئەگەر لەبیرمان نەچێت سەرکەوتنی ئێمە بەوە بوو کە توانیمان پێکەوە کارەکان بکەین و لە قەیرانە دەرچووین کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتبوو. بە خۆشحاڵییەوە لەو قەیرانە دەرچووین و ئایندەیەکی گەشتر بۆ وڵاتەکەمان و پەیوەندیی ئێمە و بەغدا چاوەڕێ دەکەین. پێمانوایە ئەمە قوناغێکی نوێیە و هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە کە دەیەوێت کێشەکانی خۆی لەسەر بنەمای دەستووری عێراق لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات.
کێشەکان و کێشەی کورد لە عێراق هەر تەنها دوای ساڵی 2003 نەبووە، پێش ئەم بەرواردش بووە، ئەوەی کە گرنگە ئەمڕۆ ئەوەیە دەبێت بەغدا دەرک بەوە بکات کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدرالییە بەپێی دەستووری عێراق و دەبێت مامەڵە و هەڵسوکەوتیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەر لەسەر ئەم بنەمایە بێت. ئەگەر ئێمە لەگەڵ بەغدا گەیشتینە ئەم لێکگەیشتنە هاوبەشە، پێمواید ئەو کێشانەی لەنێوان ئێمە و بەغدا هەیە، چارەسەر دەکرێن.
بێگومان لەم ڕۆژە سەختانەدا دەمەوێ یادی ئەو ئازیزانە بەبیرخۆمان بێنینەوە ئەوانەی لەپێناو بەرگریکردن لە کوردستان گیانیان کردە قوربانی. سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەو خۆشەویستانە دادەنوێنین و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارانی دەخوازین. سوپاسی دەزگا ئەمنییەکان پۆلیس، ئاسایش، فریاکەوتن و هەموو ئەو هێزە ئەمنیانە دەکەین کە لە ڕۆژە سەختەکاندا نەیانهێشت کوردستان بەرەو ئاقارێکی خراپ بڕوات. سوپاسی کارمەندان دەکەین، هەریەکەیان لە شوێنی خۆیان مانەوە و شەو و ڕۆژیان کردە یەک بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت. پڕ بەدڵ سوپاسی ئەو مامۆستایانە دەکەم کە نەیانهێشت خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا بوەستێت و بەردەوام بوون لە فێرکردنی خەڵکی ئێمە و منداڵەکانی ئێمە.
ئێمە ئەگەر بە ویژدانەوە سەیری ئەم ڕۆژانە بکەین و ئەمڕۆ ببینین، دەبینین کە لە قۆناغێکی تەواو نوێداین، دەبینین ئێمە بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر دەڕۆین، دەبینین کە کوردستان بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر دەڕوات و هەمووی لە ئەنجامی ئەوە بووە. ڕاستە وەک سەرۆک وەزیران ئەو شەرەفەم هەبووە، ئەو باوەڕەشم هەبوو لەگەڵ ئێوەی بەڕێزدا، بەڵام پێکەوە بووین و هیچ کات داهێنانەکە هی یەک کەس نەبووە و هی من نەبووە، یان هی کاک قوباد نەبووە، بەڵکو هی هەر هەموتان بووە و هەمومان پێکەوە کارمان کردووە و توانیومانە ئەو دەستکەوتانە بەدەست بهێنین.
نامەوێ زیاتر لەمە درێژە بە قسەکانی خۆم بدەم، پەنا بەخوا لەم ڕۆژانەدا کابینەی نوێ دەست بە کارەکانی دەکات، دەمەوێ دووپاتی بکەمەوە لە پێگەی خۆم وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاڵپشتێکی تەواو دەبم بۆ بەڕێز سەرۆک وەزیرانی نوێ و دڵنیاشم لەوەی کە بەڕێزیان دەتوانێت بەباشی ئەم ئەرکە سەختە بەڕێوە ببات. دڵنیام پێکەوە لەگەڵ کاک قوباد و ئەو تیمەی کە لەگەڵیدایە لەو حزبانەی بەشدارن لە حکوومەتدا، دەتوانن کاری باش بکەن و ئەوانەی کە ئۆپۆزسیۆنیشن دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنی خۆیان ببینن و پاڵپشتێکی گەورە بن بۆ پێشخستنی کوردستان و پێشخستنی ئەو دۆخەی کە لە هەرێمی کوردستان هەمانە.
دووبارە بەخێرهاتنی هەموولایەکتان دەکەم و هەموتان بەخێر بێن.
ئێوارەیەکی خۆش بۆ هەموو لایەکتان.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی فەڕەنسی کۆبووەوە

لە دیدارێکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێزان فرانسوا سنود نوێنەری تایبەتیی سەرۆکی فەرەنسا بۆ کاروباری سووریا و دۆمنیک ماس کونسولی گشتیی فەڕەنسا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەریان، سڵاو و ڕێزی بەڕێز ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەڕەنسایان بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕاگەیاند و دووبارە پیرۆزبایی دەستبەکاربوونیان لە بەڕێزیان کرد، بەردەوامیی پشتگیریی وڵاتەکەیشیان بۆ هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەڕەنسایان دووپات کردەوە.
لە کۆبوونەوەکەدا کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەمە 2019/7/4 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتگیری و هاوکارییە بەردەوامەکانی فەڕەنسا و بەڕێز سەرۆک ماکرۆنی بۆ هەرێمی کوردستان کرد بەتایبەتی لە قۆناغە سەختەکاندا و جەختی لە بەردەوێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەڕەنسا لە هەموو بوارەکاندا کردەوە.
تاوتوێکردنی دۆخی سووریا، هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئەو وڵاتە، گەڕاندنەوەی سەقامگیری، فەراهەمکردنی ئاشتی، دوا پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و کوشتنی خەڵکی سڤیل دەکات

خەدیجە عومەر: دەبێ یاسایەک هەبێت بۆ ڕێکخستنی ئەو زەویانەی بە زێدەڕۆیی کراونەتە خانوو



دوێنێ شەمە 2019/7/6 بە سەرۆکایەتیی د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە 10ی ئاسایی خولی بەهارە لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو.

سەرەتا د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بە ناوی خودا و گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی کردەوە، دواتر لەلایەن مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە خوێندرایەوە کە لە سێ خاڵ پێکهاتبوو، خاڵی یەکەم بریتی بوو لە پێشنیازی یاسای مرۆڤسازی لە هەرێمی کوردستان، خاڵی دووەمیش بریتی بوو لە پێشنیازی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەویانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان، خاڵی سێیەمیش بریتی بوو لە پێشنیازی یاسای هەمواری یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009 یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها کۆنووسی دانیشتنی پێشوو و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو و مۆڵەتپێدراو خوێندراوەیە.

بەر لە خستنەڕووی بەرنامەی کار، سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند: بە ناوی پەرلەمانی کوردستانەوە ئیدانەی تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و ئیدانەی کوشتن و بریندارکردنی خەڵکی سڤیل لەو ناوچانە دەکەین، ڕاشیگەیاند: بەپێی دەستووری عێراق و یاسا بەرکارەکانی حکوومەتی فیدراڵ، پاراستن و ڕێگەگرتن لە سەروەریی خاکی عێراق لە ئەستۆ و بەرپرسیاریەتیی حکوومەتی ناوەند دایە و پێویستە ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنیان بگیرێتە بەر و پاراستنی گیانی هاوواڵتیان و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و زیانلێکەوتووانیش لەو چوارچێوەدا لە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقە.

پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، خەدیجە عومەر لەبارەی کۆبوونەوەکەی پەرلەمان گوتی: لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکە سێ پێشنیاز هەبوو کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، بەڵام دوو پێشنیاز خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا و پێشنیازێکیش خرایە دەنگدان کە پێشنیازی یاسای مرۆڤسازی بوو، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بڕیاری ئەوەیان دا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکرێت.

خەدیجە عومەر گوتیشی: سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داوای کرد کە ڕۆژی یەکشەمە، دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسایە بکرێت.

لەبارەی هۆکار و ناوەڕۆکی پێشنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەویانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان، خەدیجە عومەر گوتی: لە ماوەی ڕابردوودا هەندێک لە هاوواڵتیان خانوویان لەسەر مووڵکی شارەوانی بەشێوەیەکی زێدەڕۆیی دروستکردووە و ئێستا ناکرێت خانووەکانیان بەسەردا بڕووخێت و دەبێت یاسایەک هەبێت بۆ ڕێکخستن و چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتە و ڕۆژی یەکشەمە خوێندنەوەی دووەمی بۆ دەکرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕۆژی 2019/6/30 پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 9دا، بە دەنگی 84 پەرلەمانتار لە کۆی ئامادەبووان، بڕیاربدا کە پشووی وەرزی گرێدانی یەکەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی 16 ڕۆژ بکاتەوە.

بەسرە.. ناڕەزایەتی دژی فەرماندەیەکی سەربازیی



لە شاری بەسرەی باشووری عێراق، دەیان ڕۆژنامەنووس گردبوونەوە و کاردانەوەیان نیشاندا بەرامبەر هەڕەشەی فەرماندەیەک کە لە ڕاگەیاندنکارانی کردووە بەهۆی ڕوومالکردنی خێرا بۆ ماڵەتەکانی شارەکە.

ڕۆژنامەنووسان لەبەردەم پارێزگای بەسرە کۆبوونەوە و، پرۆتێستۆی هەڕەشەکانی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەسرە، جەنەراڵ قاسم نیزالیان کرد کە ڕایگەیاندبوو: ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەستگیر دەکرێن کە هەواڵ لەسەر خۆپیشاندانە بێ مۆڵەتەکانی شارەکە دەکەن.

ڕۆژنامەنووسان بە بەرزکردنەوەی دروشمی «لیکۆڵینەوە لە میدیا ناکرێت» داوایان کرد فەرماندەکە بە فەرمی داوای لێبووردنیان لێ بکات.

جێی باسە شاری بەسرە، لە 9ی تەمموزی 2018ـەوە تا ئێستا بووەتە ناوەندی خۆپیشاندانەکانی گەل بۆ داخوازی خزمەتی باشتر و بەرەنگاربوونەوەی بێ کاری و گاندەڵی لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق.

عێراق... فەرماندەیەکی باڵای سەربازی بە سیخوڕیکردن بۆ CIA تۆمەتبار دەکرێت

فەرماندەیەکی سەربازیی باڵای عێراقی بە خیانەتکردن لە عێراق و سیخوڕیکردن، تۆمەتبار دەکرێت. نەجاح شەمەری، وەزیری بەرگریی عێراق فەرمانی کردووە لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە لیوا روکن مەحمود ئەلفەلاحی، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنبار، پێکبهێنرێت.

ئەو فەرمانەی وەزیری بەرگریی عێراق دوای باڵاوبوونەوەی تۆمارێکی دەنگی دێت، کە تێیدا ئاماژە بەوە کراوە، لیوا روکن مەحمود ئەلفەلاحی سیخوڕیی بۆ دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی ئەمەریکا (CIA)کردووە. میدیا عێراقییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو فەرماندەیە پەیوەندیی بە سیخوڕێکی CIAکردووە، کە بە ڕەگەز عێراقییە و زانیاریی نهێنییەکانی سوپای عێراقی پێ داوە. تۆمارە دەنگییەکە، کە گوایە تێیدا لیوا روکن مەحمود ئەلفەلحی و سیخوڕەکەی CIA قسە دەکەن، لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە بلاو کراوەتەوە.

پەرلەمانتارێک: ئەندامانی حەشدی شەعبی پابەندی هیچ فەرمان و دیسپلینێکی سەربازی نین

ئەگەر ئەو هێزانە فەرمان لە حکوومەت وەرنەگرن کاریگەریی زۆریان لەسەر پاشەڕۆژی عێراق دەبێت



دوای ئەوەی بڕیار درا بە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە چوارچێوەی وەزارەتی بەرگری عێراقدا، ئێستا باس لەوە دەکرێت بەشێک لەو هێزانە ئامادە نین فەرمان لە فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان وەربگرن.

پەرلەمانتارێکی کوردیش دەڵێ، ژمارەی چەکدارەکانی حەشدی شەعبی 150 هەزار چەکدارە و ئەگەر پێداچوونەوە بەو میلیشیاتانەدا نەکرێت کاریگەریی خراپی لەسەر عێراق دەبێت.

هندرێن لەزگین، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: حەشدی شەعبی بە فتوای مەرجەعیەتی شیعەی عێراق پێکهات، بەداخەوە لە ڕووی ڕێکخستنەوە زیاتر هێزێکی میلیشیاتە و پابەندی هیچ فەرمان و دیسپلینێکی سەربازی نین، واتە بە شێوەی زانستی سەربازی ڕێکنەخراون، ئەگەر دەوڵەتی عێراق بیەوێ پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێ، ئەوە بێگومان پێویستە هیچ هێزێک لە دەرەوەی سیستەمی بەرگری نەمێنێت و هەموو هێزەکان بچنە ژێر دەستی جیهازی بەرگریی عێراق و وەزارەتی بەرگرییەوە.

ئەو پەرلەمانتارەی عێراق گوتیشی: مەبەست لە بڕیاری ڕێکخستنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە چوارچێوەی هێزە چەکدارەکانی عێراقدا ئەوەیە کە هیچ هێزێک لە عێراقدا نەمێنێت کە فەرمان لە هیچ هێز و لایەن و کەسێک وەربگرێت، چونکە مانەوەی ئەو هێزانە بەو شێوەیەی ئێستا زیانی زۆر بە عێراق دەگەیەنێ و زۆر جاریش کاری ناڕەوا دەکەن، کە پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراقیشە.

لەزگین ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: هەندێک ڕووداو لە ناوچەکە هەن پەیوەندییان بە دەرکردنی ئەو بڕیارە لەبارەی حەشدی شەعبییەوە هەیە، ئەگەر ئەو هێزانە نەکەونە چوارچێوەی وەزارەتی بەرگریی عێراقەوە و فەرمان لە حکوومەت وەرنەگرن، کاریگەریی زۆریان لەسەر پاشەڕۆژی عێراق دەبێت.

هندرێن لەزگین ڕوونیشی کردەوە: بەپێی دووایین ئامار، ژمارەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق 150 هەزار کەسە و لەنێو یاسای بودجەی ئەمساڵی عێراقدا جێگەیان بۆ کراوەتەوە و مووچە و میزانییەیان بۆ تەرخان کراوە، بەڵام چەندی هێزی ڕاستەقینەن و چەندی ناوی وەهمی و بندیواریان تێدایە ئەو زانیاریەمان نییە، پێشتر ژمارەی 120 هەزار چەکدار بوون لە چوارچێوەی 70 گرووپدا کاریان دەکرد، بەڵام ساڵی ڕابردوو 30 هەزار چەکداری دیکەشیان بۆ زیاد کرا و گەیشتە 150 هەزار چەکدار.

ئایەتوڵڵا موەحیدی کرمانی:

دەڵێن کلیلی حکوومەتی ڕوحانی بەدەستە، ئەگەر وایە بەو کلیلەی دەستتان دەرگا داخراوەکان بکەنەوە و ئەم گرانییە چارەسەر بکەن

ئەگەر کلیلەکان دەرگاکان ناکەنەوە بە چەکوش بیشکێنن و بیکەنەوە



پێشنوێژ و گوتاربێژی هەینی شاری تاران پایتەختی ئێران، ئایەتوڵڵا موەحیدی کرمانی ڕایگەیاند کە تەنها بە ئامانجگرتنی ناوەندە ئەتۆمییەکانی ئیسرائیل دەتوانن ئەو وڵاتە لەناوببەن ئەگەر بیانەوێت. کرمانی لە گوتاری هەینیدا لە گەڕەکی ئیمام خومەینی شاری تاران، هەڵسەنگاندنی بۆ گرژی نێوان ئێران و وڵاتانی ناوچەکە و ئیسرائیل کرد.

کرمانی ئاماژەی بەوەدا کە ئێران بەردەوام دەبێت لە تێپەڕاندنی سنووری بەرهەمهێنانی یۆرانیۆم و ئامانجی ئەمەش بریتی نییە لە دروستکردنی بۆمبی ناوەکی، ڕاشیگەیاند کە ئەوان ئەم جۆرە چەکانە بە شەرعی نازانن و پێویستیان پێی نییە.

کرمانی گوتیشی: لە 7ی تەمووزەوە دەتوانین بە قەد ئەو بڕەی کە دەمانەوێت یۆرانیۆم بەرهەم بهێنین. ئەگەر نایانەوێت ئاوە شینەکانی کەنداو سوور بن، ئەوا بیر لە هێرشێکی سەربازیی نەکەنەوە.

ئەو پێشنوێژ و گوتاربێژەی شاری تاران لە گوتارەکەیدا هەڕەشەی لە ئیسرائیل کرد و گوتی: ئەگەر ئێران بیەوێت هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل ئەوا تەنها لێدانی ناوەندی ناوەکی دیمۆنای ئیسرائیل کە 200 بۆمبی ئەتۆمی تێدایە بەسە بۆ ئەم کارە. لە ئەگەری بە ئامانجگرتنی ئەم شوێنە، ئیسرائیل بە بۆمبە ئەتۆمییەکانی خۆی بۆ چەندین جار لەگەڵ ئەرز تەخت دەبێت.

ئاگەداری خۆتان بن.

کرمانی ڕەخنەی لە حکوومەت گرت بەهۆی ئەو گرانییەی لەوڵاتدا هەیە و گوتی: ئایا دەبێت ئاگاتان لەو گرانییەبێت کە مرۆڤ سەرسام دەکات؟ ئایا دەزانن کەم دەرامەت و هەژاران لە چ دۆخێکدا دەژین؟ بەرنامەیەکی چۆنتان بۆ ئەمانە هەیە؟ دڕێژەدان بە ژیانی بەرپرسان لەودیو پەردەکان و دەستنەگەیشتنی گەل پێیان، جێگای قبوڵکردن نییە.

ناوبراو ڕەخنەی لەوە گرت کە حکوومەتی ڕوحانی بە حکوومەتی ڕێوشوێن و ئومێد ناوببرێت و گوتی: دەڵێن کلیلی بەدەستە، ئەگەر وایە بەو کلیلەی دەستان دەرگا داخراوەکان بکەنەوە و ئەم گرانییە چارەسەر بکەن. ئەگەر کلیلەکان دەرگاکان ناکەنەوە، بە چەکوش بیشکێنن و بیکەنەوە. ئەگەر دەبێن ڕێوشوێنەکانتان بەکەڵکی هیچ نەهاتووە، ڕاوێژ بە کەسی خاوەن ئەزموون بکەن و سوودیان لێوەربگرن. کرمانی داوای لە بەرپرسانی حکوومەتیش کرد کە وانە لە ڕابەری باڵای ئێران، عەلی خامنەیی وەربگرن و گوتی، "ئێوە لە ڕابەری شۆڕش (خامنەیی) بەرزتر نین".

دۆنالْد ترەمپ جێ پەنجەی خۆی بەسەر ئاهەنگەکانی سەربەخۆیی ئەمەریکاوە جێهێشت

ئاهەنگەکانی ڕۆژی سەربەخۆیی ئەمەریکا بە بەشداریی تانک و فڕۆکەی سەربازی بەڕێوەچوو





لە کاتێکدا 243یەمین ساڵیادی سەربەخۆبوونی ئەمەریکا، لەسەرانسەری وڵاتدا لەڕێگەی ئاهەنگەکانەوە پیرۆزکرا، گوتاری سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالْد ترەمپ کە لە واشنتۆن پێشکەشیکرد و ڕێورەسمێکی تایبەت بە بەشداریی تانک و فڕۆکە، جێ پەنجەیان بە ڕۆژی سەربەخۆییەوە جێهێشت. لە ڕێورەسمەکانی واشنتۆنی پایتەختدا، بە دریژایی ڕۆژ ئاهەنگە نەریتییەکانی ڕۆژی سەربەخۆیی بەڕێوەچوون. سەر لە ئێوارە دۆنالْد ترەمپ بەشدارییە لە ئاهەنگەکانی 4ی تەموز لەڕێرانوێنیشانی "سلاو بۆ ئەمەریکا" کرد.

لە ئاهەنگە نەریتییەکانی ڕۆژدا مانۆڕی سەربازیی بە بەشداریی پۆلیس، سەرباز و کاوبۆیەکان، ڕێکخرا. هەزاران کەس کە لەمبەر و ئەوبەری بلواری دەستوور کۆببوونەوە، بە ئالاکانی دەستیانەوە، تەماشای ڕێورەسمە سەربازییەکەیان کرد.

لە ئاهەنگە تایبەتییەکانی سەر لە ئێوارەشدا کە جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو بە بەشداریی تانک و فڕۆکە ئەنجامدران و ترەمپ بەشداریی تێدا کرد، وەک ئەو سەرۆکە ناوی چووە میژووەوە کە دوای 70 ساڵ لەبەردەم مۆنومێنتی لینکۆڵندا گوتارێکی پێشکەشی ئەمەریکییەکان کرد.

سەرەڕای بارانی بەلێزمە، دەیان هەزار ئەمەریکی کۆببوونەوە و بە جۆش و خرۆشەوە لە ئاهەنگەکاندا بەشداربوون، ئەو تانک و فڕۆکانەی سوپا کە لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکاوە لە ئاهەنگەکەدا بەشداریان پێکرا، بوونە جێگەی سەرنج. تانکی ئەبرامز کە کێشی 70 تۆنە و تانکەکانی شێرمن کە لە ساڵانی 1940دا بەرهەمهێنانی ڕاگیراوە، لەسەر ئەو شەقامەی دەکەوێتە پشت مۆنومێنتی لینکۆڵن، جێگیرکران.

لە گوتارەکەیدا دۆنالْد ترەمپ لەڕێگەی هێنانەوەی ژمارەیەک نموونە لە میژووی ئەمەریکادا، تیشکی خستەسەر ئەوەی گەلی ئەمەریکا لە میژووی جیهاندا گەلێکی مەزن و گرنگە و بەتایبەتیش جەختی لەسەر نەتەوایەتیی ئەمەریکی کردەوە، ئەمە جگە لەوەی چەندین جار باسی سوپای کرد و تیشکی خستەسەر گرنگیی ئەو گیانفیدایییەی کە سەربازانی سوپا نیشانی دەدەن. لە کاتی گوتارەکەی ترەمپدا ژمارەیەک فڕۆکەی سەربەخۆیی بەڕێوەچوون. سەر لە ئێوارە دۆنالْد ترەمپ بەشداریی لە ئاهەنگەکانی 4ی تەموز لەژێرناونیشانی "سلاو بۆ ئەمەریکا" کرد.

لە ئاهەنگە نەریتییەکانی ڕۆژدا مانۆڕی سەربازیی بە بەشداریی پۆلیس، سەرباز و کاوبۆیەکان، ڕێکخرا. هەزاران کەس کە لەمبەر و ئەوبەری بلواری دەستوور کۆببوونەوە، بە ئالاکانی دەستیانەوە، تەماشای ڕێورەسمە سەربازییەکەی

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
یەک شەممە 2019/7/7 ژمارە (5783)
www.xebat.net
خەبات

دەزگای خێرخوازیی بارزانی و دەزگای LDSی ئەمریکی دەرمان بۆ کەمپەکانی پەنابەران دابینکەن



لە پڕۆژەیەکی هاوبەشی نێوان دەزگای خێرخوازیی بارزانی و دەزگای LDSی ئەمریکی دەرمان و پێداویستی تەندروستی پێشکەشی بنکەی تەندروستی کەمپەکانی پەنابەران لە پارێزگای هەولێر دابینکەرێت. ڕێکەوتی 04/ 07/2019لە چوارچێوەی پڕۆژەکەدا دەرمان و پێداویستی تەندروستی بە ئامادەبوونی نوێنەرانە دەزگای LDS و دەزگای خێرخوازیی پێشکەشی بنکەی تەندروستی کەمپی دارەشەکران کرا کە ئەم بنکەیە لە لایەن فەرمانگەی تەندروستی پارێزگای هەولێر بەڕێوە دەچێت. سەبارەت بە پڕۆژەکە کێن ئاسای نوێنەری دەزگای LDS گوتی: ئێمە پەیوەندییەکی زۆرباشمان لەگەڵ دەزگای خێرخوازیی بارزانی هەیە و چەندین پڕۆژەی هاوبەش بەیەکەوە جێبەجێدەکەین. ئەمڕۆش لێردین هەتاوەکو دەرمان پێشکەشی پەنابەران لە کەمپی دارەشەکران بکەین و لە داهاتووشدا پڕۆژەکەمان بۆ کەمپەکانی باسرمە، کەورگۆسک و قوشتەپە بەردەوام دەبێت. دکتۆر عەباس سەرپەرشتیاری سێکتەری تەندروستی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕۆڵی دەزگای LDSی بەرز نرخاند و سەبارەت بە پڕۆژەکە گوتی: پێداویستییە پزیشکییەکان پێکدێن لە داو و دەرمان و پێداویستی تاقیگەو دەم و ددان و پێداویستی مانگێکی بنکە تەندروستییەکان پردەکەنەوە و بۆ ماوەی سانێک ئەم پڕۆژەیە بەردەوام دەبێت.

دەزگای LDS چەندین پڕۆژەی هاوبەش لەگەڵ دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەڕێوەدەبات. لەڕێگەی پڕۆژەی چاودێری خاوەن پێداویستییەکانی تایبەتەوە ساڵانە ویلچێیر و عەکازەو ڕەوڕەوە و زۆر پێداویستی دیکەی کەم ئەندامان دابینەدەکات.



لە ماڵی هەریر زیاتر لە 600 نەخۆش پشکنینی تەندروستی و چارەسەریان بۆ ئەنجامدرا

600 نەخۆشی دەقەری هەریرو ناوچەکە کەوت، وەک هەماهەنگی و هاوکاریی پێویستی خەڵکی ناوچەکە ئەم ئەرکە مرۆییە خۆبەخشانە ئەنجامدراو چارەسەری پێویست بۆ هەریەکەیان کرا. ئەوەی جێگای باسە ماڵی هەریر بۆ چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ خزمەتی خەڵکی هەریرو ناوچەکە لەلایەن عەلی حسێن ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماڵی هەریر بۆ چالاکیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی، بەهەماهەنگی بەڕێوبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر و ژمارەیەک لە پزیشکانی شاری هەولێر و پزیشکانی پسپۆری تایبەت بەبواری جیاجیاکان، خۆبەخشانە لە ماڵی هەریر بۆ چارەسەر و پشکنین چاویان بە زیاترلە 600 نەخۆشی دەقەری هەریرو ناوچەکە کەوت، وەک هەماهەنگی و هاوکاریی پێویستی خەڵکی ناوچەکە ئەم ئەرکە مرۆییە خۆبەخشانە لە ماڵی هەریر بۆ چارەسەر و پشکنین چاویان بە زیاترلە 600 نەخۆشی دەقەری هەریرو ناوچەکە کەوت، وەک هەماهەنگی و هاوکاریی پێویستی خەڵکی ناوچەکە ئەم ئەرکە مرۆییە خۆبەخشانە ئەنجامدراو چارەسەری پێویست بۆ هەریەکەیان کرا. ئەوەی جێگای باسە ماڵی هەریر بۆ چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ خزمەتی خەڵکی هەریرو ناوچەکە لەلایەن عەلی حسێن ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماڵی هەریر بۆ چالاکیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی، بەهەماهەنگی بەڕێوبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر و ژمارەیەک لە پزیشکانی شاری هەولێر و پزیشکانی پسپۆری تایبەت بەبواری جیاجیاکان، خۆبەخشانە لە ماڵی هەریر بۆ چارەسەر و پشکنین چاویان بە زیاترلە 600 نەخۆشی دەقەری هەریرو ناوچەکە کەوت، وەک هەماهەنگی و هاوکاریی پێویستی خەڵکی ناوچەکە ئەم ئەرکە مرۆییە خۆبەخشانە ئەنجامدراو چارەسەری پێویست بۆ هەریەکەیان کرا. ئەوەی جێگای باسە ماڵی هەریر بۆ چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ خزمەتی خەڵکی هەریرو ناوچەکە لەلایەن عەلی حسێن ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماڵی هەریر بۆ چالاکیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی، بەهەماهەنگی بەڕێوبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر و ژمارەیەک لە پزیشکانی شاری هەولێر و پزیشکانی پسپۆری تایبەت بەبواری جیاجیاکان، خۆبەخشانە لە ماڵی هەریر بۆ چارەسەر و پشکنین چاویان بە زیاترلە 600 نەخۆشی دەقەری هەریرو ناوچەکە کەوت، وەک هەماهەنگی و هاوکاریی پێویستی خەڵکی ناوچەکە ئەم ئەرکە مرۆییە خۆبەخشانە ئەنجامدراو چارەسەری پێویست بۆ هەریەکەیان کرا. ئەوەی جێگای باسە ماڵی هەریر بۆ چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ خزمەتی خەڵکی هەریرو ناوچەکە لەلایەن عەلی حسێن ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماڵی هەریر بۆ چالاکیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی، بەهەماهەنگی بەڕێوبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر و ژمارەیەک لە پزیشکانی شاری هەولێر و پزیشکانی پسپۆری تایبەت بەبواری جیاجیاکان، خۆبەخشانە لە ماڵی هەریر بۆ چارەسەر و پشکنین چاویان بە زیاترلە 600 نەخۆشی دەقەری هەریرو ناوچەکە کەوت، وەک هەماهەنگی و هاوکاریی پێویستی خەڵکی ناوچەکە ئەم ئەرکە مرۆییە خۆبەخشانە ئەنجامدراو چارەسەری پێویست بۆ هەریەکەیان کرا. ئەوەی جێگای باسە ماڵی هەریر بۆ چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ خزمەتی خەڵکی هەریرو ناوچەکە لەلایەن عەلی حسێن ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماڵی هەریر بۆ چالاکیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی، بەهەماهەنگی بەڕێوبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر و ژمارەیەک لە پزیشکانی شاری هەولێر و پزیشکانی پسپۆری تایبەت بەبواری جیاجیاکان، خۆبەخشانە لە ماڵی هەریر بۆ چارەسەر و پشکنین چاویان بە زیاترلە 600 نەخۆشی دەقەری هەریرو ناوچەکە کەوت، وەک هەماهەنگی و هاوکاریی پێویستی خەڵکی ناوچەکە ئەم ئەرکە مرۆییە خۆبەخشانە ئەنجامدراو چارەسەری پێویست بۆ هەریەکەیان کرا.

بەرپرسێ لقێ 9: خزمەتکرنا ئاوارە و هاولاتییێن دەڤەرێ ب ئەرکێ خۆ دزانین



ل هولا بارەگایێ لقێ9: و ب سەرپەرشتیا سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ9 و عەلی خەلیل بێتکاری بەرپرسێ لقێ14 و ب بەرهەڤبوونا قایمقامێ قەزا ئاکرێ و بەردەرەش وکارگێریا لقێ9 کومبونەک بەرفرەه لسەر چەوانیا پتر خزمەتکرن و چارەسەرکرنا ئاریشەییێن ئاوەرەییێن میسل و دەوروبەر و پێشکێش کرنا کارو پروژەییێن خزمەتگوزاری بو خەلکێ سنورێ هەردوو قەزایان ئاکرێ و بەردەرەش هاتە سازکرن، پشتی پەیڤا بخێرهاتنێ بەرپرسێ لقێ 9خویا کرو گوت : ئەم هەمی دزانین کو ئاوارەیی و دەر ب دەری لسەر جە و وارێن خوە چ کارەساتەکا مەزن لێ ئاوارەییێن میسل و دەوروبەر هاتینە سەر ئاخا خوە کو ئەو ژی کوردستانە و سەرەرای قەیرانا دارایی و نزمبوونا بهایێ نەفتێ و برینا بودجەیی حکومەتا هەرێما کوردستانێ ژلایێ حکومەتا ناوەندی و شەرێ هاتیە سەپاندن ژلایێ تیروریستێن داعشڤە ب سەر هەرێما کوردستانێ، لێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ب گشتێ و نەمازە ل سنورێ ڤان هەردوو قەزایان ب هەمی شێوەیەکێ چ ژلایێ حکومەتێڤە و چ ژلایێ هاوولاتییێن دەڤەرێ درێغی بو وان نەکرینە و ئەڤە ژی چ منەت تێدا نیە و خزمەتکرنا ئاوارەو و هاوولاتییێن دەڤەرێ ئەم ب ئەرکێ خۆ دزانین.

ئەنجوومەنی وەزیران بڕی 10 ملیۆن دۆلار بۆ توانا‌سازی تەرخانکرد

عەباس ئەکرەم وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: وەزارەتەکەمان بە نوسراوی ژمارە 5166 لە ڕێکەوتی 2019/4/3 ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد بۆ دابینکردنی شایستەی دارایی بۆ خوێندکاران و دەرچوانی توانا‌سازی، ئەوانەی بەردەوامن لە خوێندن و ئەوانەشی خوێندنیان بەسەرکەوتویی تەواوکردووە، دواتریش لە نوسراوێکی دیکەیدا بە ژمارە 8493لەڕێکەوتی 2019/6/12 وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕونکردنەوەی پێویستی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد لەبارەی خەرجکردنی شایستەی دارایی بۆ خوێندکاران و دەرچوانی توانا‌سازی. وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وتیشی: دوای نوسراوی وەزارەتەکەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر خەرجکردنی بڕی 10 ملیۆن دۆلار بۆ خوێندکاران و دەرچوانی توانا‌سازی، بە تەرخانکردنی ئەم بڕە پارەیە بەشێک لە کێشەی خوێندکاران و دەرچوانی توانا‌سازی چارەسەردەبێت.

ئەم هەفتەیە سکاڵای قوتابیان لەبارەی تاقیکردنەوەکانەوە یەکلادەکرێنەوە



سەرۆکی لێژنەی باڵای ئەزموونەکان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کارکردن بۆ یەکلاکردنەوەی سکاڵای قوتابیان لەبارەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانەوە بەردەوامە، کە تاوەکو ناوەڕاستی ئەم هەفتەیە کۆتایی بە کارەکانیان دێت و سەرجەم سکاڵاکان یەکلا دەکرێنەوە و دواتریش ڕادەگەیەندرێت. مامۆستا کەریم لەتیف، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: کارکردن لەسەر سکاڵای قوتابیان لەبارەی ئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەکانی هەردوو پۆلی نۆی بنەڕەتی و 12ی ئامادەیی بەردەوامە و هێشتا تەواو نەبووە، کە هەندێک کاری پێویستە تاوەکو یەکلادەکرێنەوە و هەر کاتێکیش کۆتایی بە کارەکانیان هات و یەکلا کرانەوە، دواتر ڕادەگەیەندرێت. بە گوتەی کریم لەتیف، تاوەکو ناوەڕاستی ئەم هەفتەیە کۆتایی بە کارەکانیان دێت و سەرجەم سکاڵاکان یەکلادەبنەوە، دواتریش قوتابیان لە ئەنجامەکان ئاگادار دەکرێنەوە، کە چ ئەنجامێکی وەرگرتووە و ئەوەی بزانرێت کە گۆڕانکاری بەسەر نمرەکانیدا دێت، بۆی ئەنجام دەدرێت و ئەوەی کە هیچ کێشەیەکیشی نەبێت و نمرەکانی وەکو خۆی بێت، هەر چۆنێک بووە، بەو شێوەیە دەمێنێتەوە. دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بۆ هەردوو پۆلی نۆ و12 ماوەی هەفتەیەک درا بە قوتابیان تا ئەوەی تێبینیی لەسەر نمرەکانی هەیە، دەتوانێ سکاڵا تۆمار بکات بۆ ئەوەی دووبارە پێداچوونەوە بە دەفتەری تاقیکردنەوە و نمرەکانیدا بکرێت و ڕۆژی دووشەممەی هەفتەی ڕابردووش، کۆتایی بە وادەی سکاڵاتۆمارکردن هات و بڕیارە لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا ئەنجامەکان یەکلا بکرێنەوە.

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان: لەو ماوەیەدا ژمارەیەک بازرگانی دەرمانی ساختە دەستگیرکران

ڕاپۆرتی- سەید فاتیح بەرزنجی: لەوتەی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان کراوەتەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو دەرمانی ساختە ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە ئەویش بە هەوڵ و کۆششی ئەو دەزگایەو وەزارەتی تەندروستی کاربۆ نەهێشتن و قەدەغەکردنی دەرمانی ساختە کراوە و ڕۆژانە کارکردن بۆ ئەو مەبەستە دریژەی هەیە و سەبارەت بەو بابەتە وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.



هاووڵاتیان: هیوادارین لە گرانیی نرخیش لێپرسینەوە هەبێت

کەریم عوسمان لە شەقامی باتا خەریکی کڕینی دەرمان بوو گوتی: دەستخۆشی لە دەزگای کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان دەکەین کە ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ قەدەغەکردنی دەرمانی قاچاغ و ساختە دەکات هیوادارین کارەکانیان هێشتا چڕتر بکەنەوە. مام سابیر هەر لە شەقامی باتاو بەردەمی دەرمانخانەیەک خەریکی کڕینی دەرمان بوو گوتی: لەوتەی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان لە کوردستان دامەزراوە دەرمانی ساختە ڕووی لە کەم بوونەوە کردووەو هیوادارین لە گرانیی نرخیش لێپرسینەوە هەبێت. خالید نەخۆشێک بوو لە شەقامی پزیشکان داوای لە ئێمە کرد کە دەنگی بگەیەنینە بەرپرسان بۆئەوەی چیتر دەرمانی ساختە نەمێنێ.

چەندین بازرگانی دەرمانی ساختە دراونەتە دادگا

هەر سەبارەت بە دەرمانی ساختەو لێپرسینەوە لەو کەسانەی کە دەرمانی ساختە دەهێننە کوردستان، دکتۆر گۆران ڕۆژبەیانی بەڕێوبەری کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان ڕوونیکردەوە: لە وەتەی ئەو دەزگایە دامەزراوە، توانراوە تا ڕادەیەکی بەرچاو دەرمانی ساختە ڕوو لە کەم بوونەوە بکات و ڕۆژانە تیمە هاوبەشەکان خەریکی پشکنین و بەدواداچوونن بۆ دەرمانی ساختەو قاچاغ و چەندین دەرمانخانەو کۆگای دەرمان داخراون، جگە لەوەش لەو ماوەیەدا ژمارەیەک بازرگانی دەرمانی قاچاغ و ساختە دەستگیرکراون و دراونەتە دادگا، کە بریتی بوو لە 33 کەس، دیارە ئەو کەسانە بازرگانی دەرمانی قاچاغ بوون کە بەشێوەی نایاسایی دەرمان بۆ ناو کوردستان دەهێنن، دوای بەدواداچوونی بەردەوام و بە هاوکاریی دەزگا تەندروستییەکان و ئاسایش و پۆلیس ئەو کەسانە دەستگیر کران و کەیسەکانیان لە داگایەو باندێکیشی تێدایە. هەروەها ئەوانەی کە دۆسیەکانیان لە دادگایەو کەسانی دیکەیش لەگەل ئەوانن بەشێوەی باند کاریان کردووەو ڕێککاری یاسایی بەرامبەریان دەگیرێتەبەرو لەناو ئەو ژمارە کەسەی کە دەستگیرکراون خەڵکی بیانیشی تێدایە وەک عەرەب و تورک و فارس و هەموو ئەو کەسانەی کاری دەرمانی ساختەو قاچاغ دەکەن دەستگیردەکرێن و دەدرێنە دەست دادگاو یاسا.

بەڕێرسی لقی 16: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەمیشە پێشەنگ و سەرقافڵەی خزمەتکردن بووە



لەپێناو هەماهەنگی زیاترو دانانی میکانزمێکی گونجاو و تۆکمە بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئافرەتانی کوردستان و بە ئەنجامگەیاندنی کارو پرۆژەکانیان لە سنوری دەروبەری شاری هەولێر، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی سامیە شێروانی کارگێڕی لق و دکتۆرە ڤیان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەگەڵ ستافی ئەنجوومەنی ئافرەتانی دەوروبەری شاری هەولێر کۆبووەوە.

لەدەسپێکی کۆبوونەوەکەدا ستافی ئەنجوومەنی ئافرەتانی دەوروبەری هەولێر ئاماژەیان بە بەشێک لەکارو چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەیاندا کە لەماوەکانی ڕابردوودا بۆ خزمەتکردنی ئافرەتانی کوردستان ئەنجامیانداوەو کارنامەی داهاتووشیان خستەڕوو بۆ ئەوەی لەڕێگەی کارو پرۆژەکانی داهاتویانەوە خزمەتی زیاترو گەورەتر بە ئافرەتانی سنووردکە بگەیەنن کە ئامانجی سەرەکییان بەرزتر کردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئافرەتان و پێگەیاندنیانە لەهەموو بواڕە جیاجیاکاندا و بۆ ئەمەش پێویستیان بەهەماهەنگی زیاترو هاوکاری بەردەوام هەیە تا لەڕێگەی کارەکانیانەوە زۆرترین خزمەت بکەن.

دواتر بەرپرسی لقی16ی هەولێر ڕۆڵی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی لەخەباتی سیاسی و مەدەنی و ڕێکخراوەیبدا بەرزنرخاند کە هەمیشە پێشەنگ و سەرقافڵەی پەروەردەکردن و پێگەیاندن و خزمەتکردن بوونە لە هەموو قۆناغە سەخت و دژوارەکانی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی گەلەکەماندا لەو پێناوەشدا جگە لەوەی بەدەیان لە کادیرانیان گیانی خۆیان بە نیشتمان و نەتەوەکەمان بەخشیوە و دەیان سەرکردەشیان بۆ نیشتمان و نەتەوەکەمان پێگەیاندووە کە ئەمڕۆ لەڕێگەی ئەو بەرپرسیارێتییەی لەسەر شانیانە خزمەتێکی گەورە پێشکەش دەکەن، بۆیە بەئەرکی خۆمانی دەزانین ئەوەی لەتواناماندابێت هەماهەنگ و هاوکار دەبین بۆ سەرخستنی ئەو کارو پرۆژانەی لەڕێگەیەوە خزمەت بە تەواوی ئافرەتانی کوردستان دەکەن.

گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا:
کێشەی کارەبای دهۆک چارەسەرکرا



کێشەی کەمیی کارەبای دهۆک چارەسەرکرا و گوتەبێژی وەزارەتی کارەباش ئاشکرای کرد، سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی لەسەر خەتە و گازوایل دابینکراوە بۆ ئەوەی وێستگەی کواشێ لە دهۆک دەست بە بەرهەمهێنانی کارەبا بکات.

حەمە ئەمین هەورامانی، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: کێشەی کارەبای دهۆک کێشەیەکی هونەرییە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی لەسەر خەتە بۆ چارەسەرکردنی. دوو ڕێگا گیراوەتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کارەبای دهۆک، ڕێگای یەکەم بەهێزکردنی هێڵەکانی کارەبان بۆ دهۆک و دروستکردنی هێلێکی نوێیە، بەوەش کێشەی گواستنەوەی کارەبا لە کۆنترۆڵی گشتی بۆ پارێزگای دهۆک چارەسەر دەبێت.

گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا دەڵێت: تا هاوولاتیان لە گەرمای هاویندا کارەبای پێویستیان بۆ دابین بکرێت وەک چارەسەری بەپەلە بڕێکی زیاتری گاز بۆ پارێزگای دهۆک دابین کراوە، تا وێستگەی کارەبای کواشێ لە دهۆک بەتەواوەتی کار بکات و بەرهەمی ڕۆژانەی زیاد بکرێت.

حەمە ئەمین هەورامانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: بەپێی پلانی حکوومەت لەمەودووا کێشەی نایەکسانی کارەبا لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا نامێنێت و دهۆکیش هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کارەبای بۆ دابیندەکرێت، چونکە پێشتر کێشە هەبوو لە دابەشکردنی کارەبا، ئەوەش هی نەبوونی گازوایل بوو، لەمەودووا ئەو جیاوازییە نامێنێت.

وەزیری ئەوقاف: بۆ خزمەتکردنی حاجیان هەموو ئامادەکارییەکی پێویست لە عەرەبستانی سعودیەدا کراوە



بەمەبەستی پێدانی چەندین ڕێنمایی گرنگ پەیوەندی بە حاجیان، د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت بە ئامادەبوونی شێخ قاسم برزنجی بەڕێوەبەری گشتی حەج و عومرە سەید عوزێر بەڕێوەبەری حەج ی هەولێر لەمزگەوتی سواف لەگەڵ حاجیانی حەجی ئەمساڵ 2019ی هەولێر کۆبووەوە، لە وتەیەکدا وەزیری ئەوقاف ڕوونیکردەوە، کە لێژنە تایبەتییەکان فەرمانبەرانی وەزارەتی ئەوقاف موفتی مورشیدانی بەڕێز و لێژنەی پزیشکی کە لەچەند دکتۆرێکی پسپۆر پێکدێت یاوەری حاجیان دەکەن و لەخزمەت بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدان، وەزیری ئەوقاف تەئکیدی کردەوە، کە بۆ خزمەتکردنی حاجیان هەموو ڕێکارێکی کارگێڕیی پێویست لەوڵاتی عەرەبستانی سعودیە گیراوەتەبەر هەر لەشوێنی حەوانەوەو دابینکردنی خواردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و هاتوچۆ. زێتر گوتی پێویستە حاجیانی کوردستان ئەمەک داری بەوەفایی دینداری ڕاستەقینە بە هەموو حاجیانی جیهان ڕابگەێنن کە میللەتی کوردچەندە گەلێکی ئازاو بەهیمەت و شۆرش گێڕبووە ڕێزی لەهەموو مرۆڤایەتیش گرتووە. شایانی باسە ژمارەی حاجیانی ئەمساڵ 700 حاجیەو بریارە لە 10ی ئەم مانگەوە بۆ سعودیە بەڕێبکەون-

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز خەسرۆ جاف

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەوڵی کۆچی دوایی خاتوو خورشیدە داود بەگی جاف- ی هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە هاوبەشی خەمان بە بەڕێزتان و خانەوادەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشیمان ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانی بەگزادەی جاف و ئاشنایانتان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبووی هاوژینتان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

هەڤاڵی بەڕێز خەسرەو جاف

خەمباربووین بەبیستنی هەوڵی کۆچی دوایی خاتووخورشیدە داود بەگی جاف- ی هاوژینی بەڕێزتان.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاڕاستەی ئێوە و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزمانی بەگزادەی جاف و دۆستانتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لە خودای گەورە داواکارین سەبوری و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

هەولێر... کارکردن بۆ چاککردنەوە و ڕێکخستنی ڕێگاوبانەکان بەردەوامە

لەلایەن ئەندازەی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێرەوە، کارکردن بۆ چاککردنی ڕێگاوبانەکان و ڕێکخستنیان لەڕووی هاتوچۆوە، بەردەوامە.

لەمبارەیەوە موقەدەم فازڵ حاجی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر لە هەژماری تایبەتیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوی کردەوە: لەدرێژەی کار و ئەندازەی هاتوچۆی هەولێر، دەست کرا بە دووبارە ڕێکخستنەوەی هەردوو شەقامی هەولێر - کەرکووک و هەولێر - پیرەمام. دەشڵێت: ڕێکخستنەوەکە سەرەتا بە بڕیەکردنەوەی هێڵەکانی سەر شەقام دەست پێ دەکا، دوای ئەویش بەدانانەوەی هێماکانی هاتوچۆ کۆتایی دێت، کە هەموو کارەکانیش لە ڕێگای کۆمپانیایەکی پرۆفیشنالی ئیتاڵی و بەکەرەستەی ئیتاڵی و لەسەر بودجەی پەرەپێدانی هاتوچۆی هەولێر جێبەجێ دەکرێن. گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر باسی لەوەش کردووە: بۆ ئەوەی شۆفێران تووشی کێشەی هاتوچۆ نەبن، ڕەچاوی ئەوە کراوە کە زۆربەی کارەکان لەکاتی شەودا جێبەجێ دەکرێن.

موقەدەم فازڵ حاجی ئەوەشی خستە ڕوو، لە ئایندەیەکی نزیکدا و دوای قیرتاوکردنەوەی شەقامەکە بە تەواوەتی، دەست بە بۆیەکردنەوەی شەقامی 100 مەتری دەکرێت و دووبارە هێڵکاری دەکرێتەوە.

خەڵکی مەدەنی و هێزی پێشمەرگەش دەتوانن لە زانکۆی سەربازیی زاخۆ ناویان تۆماربکەن

بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لیوا بەکر فەقێ، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ناونووسین بۆ وەرگرتن لە کۆلێژی سەربازیی زاخۆ دەستی پێکردووە و بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێت و دەڕچووانی ئەو زانکۆیەش پلەی ملازمیان پێ دەدرێت و هێزی پێشمەرگەش مافی ئەوەی هەیە خۆی ناونووس بکات و لەو زانکۆیە وەربگیرێت و ئاسانکاریی زۆریان بۆ کراوە، کە ئەوانەی مەدەنین پێویستە دەرچووی زانکۆ بن و تەمەنیشیان دیاری کراوە، بەڵام بۆ هێزی پێشمەرگە ئەگەر دەرچووی پەیمانگاش بێت و تەمەنیشی گەورە بێت دەتوانیت لەو کۆلێژنە ناوی تۆمار بکات و ماوەی دوو ساڵ دەوام بکات، دەبێتە ملازم لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدا. لیوا بەکر فەقێ گوتیشی: پێویستە ئەوانەی مەدەنین لەدایکبووی ساڵی 1994 بۆ سەرەوە بن و دەرچووی زانکۆش بن و لە لیژنەی پشکنین دەربچن و نەشتەرگەرییان بۆ نەکرابێت و هیچ تاوانێکیشیان نەکردبێت، بەڵام بۆ پشمەرگە ئەو مەرجانەی نییە و ئاسانکاریی زۆریان بۆ کراوە، بۆ ئەوەی بچن لەو کۆلێژە ناویان تۆمار بکەن و ئەو پلەیە وەربگرن. فەقێ باسی لەوەش کرد: لە 1 تا 8ی ئەم مانگە بۆ پارێزگای دهۆکە، لە 8 بۆ 12ی مانگ بۆ هەولێرە، لە 13 بۆ 20ی مانگ بۆ سلێمانییە و لە 20 بۆ 26مانگیش بۆ پارێزگای کەرکووکە. ئەوانەی دەیانەوێت ناویان تۆمار بکەن بۆ وەرگیران لەو کۆلێژە سەربازییە، لەو ڕۆژانەدا دەتوانن ناویان تۆمار بکەن.

شەقڵاوە... ڕووداوێکی پێکدادان لەنێوان پاسێکی گەشتیاری و ئۆتۆمبێلێک قوربانیی لێکەوتەوە



لەڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی شەقڵاوە بڵاوی کردەوە، کەسەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە 6ی7ی2019 لە مەفرەقی میراوە ڕووداوێکی پێکدادان لەنێوان پاسێکی گەشتیاری و ئۆتۆمبێلێک لەجۆری کیا ڕوویدا. بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی شەقڵاوە دەشڵێت، ئۆتۆمبێلی جۆری کیا لە ڕێگای هەریر هاتووەو ڕێرەوی خۆی لەدەست داوە و خۆی کێشاوە بە پاسەکە کە بەرەو ناوچە گەشتیارەکانی بێخاڵ دەڕۆیشت. لە ڕووداوەکەدا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە لەجۆری کیا بەسەختی بریندار بووە، وێڕای ئەوەی زیانی مادەی زۆر بەر ئۆتۆمبێلەکەی کەوت.

هاتووچۆ ئەوەش دەخاتە ڕوو کە سەرجەم سەرنشینانی نێو پاسەکە کە دانیشتووی باشور و ناوەڕاستی عێراقن سەلامەتن و تەنیا زیانی مادەی بەر پاسەکە کەوتووە.

بەراورد بە شەش مانگی یەکەمی 2018 ڕووداوەکانی هاتووچۆ دوو هێندە زیادیان کردووە



هاتووچۆی هەولێر ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی ڕووداوەکانی هاتووچۆی ڕاگەیاند و ئاشکرایکرد، لەو ماوەیەدا 523ڕووداوی هاتووچۆ ڕوویاندا‌وە و 85 کەس گیانیان لەدەستداوە. فازڵ حاجی، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر ڕایگەیاند، سەرپێچییەکانی هاتووچۆ بۆ نزیکەی دوو هێندە زیادیان کردووە و لە شەش مانگی ڕابردوودا 85کەس بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا فازڵ حاجی ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی ڕووداوەکانی هاتوچۆی بلاوکردەوە و گوتی: بەراورد بە شەش مانگی یەکەمی 2018 ڕووداوەکانی هاتووچۆ دوو هێندە زیادیان کردووە، بەشێوەیەک جگە لە سەرپێچییەکانی تۆمارکراو لە کامێرای چاودێری، ئەمساڵ 202 هەزار و 682 سەرپێچی هەبووە، لە کاتێکدا لە شەش مانگی یەکەمی 2018دا 108 هەزار و 687 سەرپێچی لە سنووری پارێزگای هەولێر تۆمار کرابوون. وتەبێژی هاتووچۆی هەولێر ئاماژەی بەوەش کرد، ئەمساڵ 523 ڕووداوی هاتووچۆ ڕوویاندا‌وە و 85 کەس گیانیان لەدەستداوە، لە کاتێکدا لە شەش مانگی یەکەمی 2018دا 485 ڕووداوی هاتووچۆ ڕوویاندا‌وە و 85 کەس گیانیان لەدەستداوە.

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر ئاماژەی بەوەش کرد، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 535 کەس بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە و 85کەس بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە.

ئەحمەد سابیر، جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بۆ «خەبات»:

لە ئێستادا ئۆتۆمۆبێل بە مامۆستایان نادرێت


ئەحمەد سابیر


پەیامنێری «خەبات» لەگەل ئەحمەد سابیر

دیمانە/ ڕۆشنا عەلی

دەنگۆی پێدانی ئۆتۆمۆبێل بە مامۆستایان بووە بابەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە گوایە ئۆتۆمۆبێل بە قیستی درێژ خایەن و بێ تاپۆی خانوو و بێ زیادە خستنەسەر بە مامۆستایان دەدرێت لە هەموو جۆرو مۆدێلێک، ئەم هەواڵە تاڕادەیکی زۆر دڵخۆشکەر بوو بۆ مامۆستایان ، دەربارەی ڕاستی و دروستی و هەنگاوەکانی یەکێتی مامۆستایان بۆ ئەم جۆرە گرێبەستە و شێوازەکەی و ئەگەری لە داهاتوودا لاپەڕەی پەروەردە دیمانەیەکی لەگەڵ ئەحمەد سابیر جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان ئەنجامدا.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئۆتۆمۆبێل بە مامۆستایان ئەدرێت یان نا ؟

ئەحمەد سابیر دەربارەی ئەم پرسیارە ئاماژەی بەوەدا کە ئەمە بۆتە بابەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دووری لە ڕاستی ئەوە وتی " لە ئێستادا نادرێت ، ئەم بابەتە تۆڕی کۆمەڵایەتی خستییە چوار چێوەی ڕیکلامەوە زۆر زیاتر لە خۆی گەورەی کرد ، ئێمە لەساڵی 2013لەگەڵ کۆمپانییای جیهان گرێبەستێکمان کرد ، بەڵام ئەو کرێبەستە کۆمەڵێک مەرجی تیا بوو کە هەمووان لەگەڵی نەبوون ، بەڵام وەک گرێبەستێکی لەو جۆرە یەکەمجار بۆ مامۆستایان بە شتێکی باشمان زانی وەژمارەیەک مامۆستا لێی سوود مەند بوون 355مامۆستا لە دهۆک و سلێمانی و هەولێر سوودیان لەو گرێبەستە وەرگرت، هەرچەند تێبینیمان زۆر بوو لەسەری، وەک پێمان باش بوو تاپۆی خانوو نەبێت و قستەکان درێژتر بن بەنرخی خۆی هەروەک چۆن لەوڵاتانی دەرەوە بە نرخی خۆی ئەفرۆشرێت هەروا بێت، بەڵام کەس نایەت بەو شێوەیە ئۆتۆمبێل بدات ، بەڵام هەوڵ دەدەین کەمترین ڕێژە ی لەسەر بێت هەروەها ماوەی قیستەکان درێژ خایەن بێت سێ ساڵ زۆر کەمە و کەمترین پێشەکیشی هەبێت ، خاڵێکی کە زۆر گرنگە هێنانی حکومەتە بۆ ناو ئەو بابەتە ، چونکە ئێمە پارەیەکمان لای حکومەتە پاشەکەوتە ئەکرێت حکومەت خۆی ئەو کۆمپانیایە بێنێت کە جێگای متمانەی زیاترە ئەگەر بەشدار بێت چ لە لەمبارەیەوە وتی " لەراستیدا وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالا دوو وەزارەتی زۆر زۆر گرنگە لای ئێمە کە پەیوەندی بە هەموو خێزانێکەوە هەیە

پێویستە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالا بەکەسانێک بدرێت کە شارەزاییان هەبێت و پسپۆڕ بن لە قۆناغی مامۆستایەتییەوە دەستیانپێکردبێت

ئۆتومبێل کە بدرێت بە مامۆستایان بە شێوەی قیست کۆمپانیاکانیش هەریەکەو خستنە ڕووی خۆی بکات و کێبڕکێ دروست ببێت واتە ململانێ بێت نەک تەنها بۆ کۆمپانیایەک بێت تا ئێستا دوو دانیشتن بۆ سێ دانیشتن کراوە کۆمەڵێک مەرجی قورسیش پێشکەشی کۆمپانیاکە کراوە، بەڵام هەموو ئەندامانی سکرتاریەت ئاگاداری نەبوون هەندێ کەسیش لەوانەی لێدوانییان داوە ئامادەی کۆبوونەوەکان نەبوون دیارە کۆمپانیاکەش پێی خۆش بوو کە ریکلامێکی گەورەی بۆ کرا ، مامۆستا هەیە ئۆتۆمبیلی خۆی فرۆشتووە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیل وەربگرێت ، ئێمە لە مەکتەبی سکرتاریەت باسی لێوە دەکەین ئەمەش بەو مانایە نییە هیوا بۆئەو کارە نییە بەڵکو دەبێت بە مەرج لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە گرێبەست بکەین .

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئەوان لە ئەگەری ڕێکەوتن لەگەڵ هەر کۆمپانیایەک جەخت لەسەر چ خاڵێک دەکەنەوە ؟

ئەو لەمبارەیەوە ئاماژەی بەچەند خاڵێک دا لەوانە ڕێژەی زیادەخستنەسەر ئەو وتی " خاڵی جەوهەری لای ئێمە کەمترین ڕێژەی زیادە بخرێتە سەری ، چونکە پارەکە لە بانقە دەبێت بخرێتە کارەوە و سوودی لێوەربگرێت پێمان باشە هیچ کەمکردنەوەیەک لە بڕی قیست نەکرێت و ئەو کۆمپانیایە بە هیچ شێوەیەک ئەو بڕە پارەیە لە ئەستۆ نەگرێت ئەگەر بەشدار بێت چ لە لەمبارەیەوە وتی " لەراستیدا وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالا دوو وەزارەتی زۆر زۆر گرنگە لای ئێمە کە پەیوەندی بە هەموو خێزانێکەوە هەیە

پێویستە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالا بەکەسانێک بدرێت کە شارەزاییان هەبێت و پسپۆڕ بن لە قۆناغی مامۆستایەتییەوە دەستیانپێکردبێت

پێشەکی یان درێژی قستەکان لە نێوان حکومەت و کۆمپانیاکە ئەوەکێکە لە خاڵە گرنگەکان .

ئەحمەد گەرمیانی دەربارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ و کابینەی نوێ بۆ هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالا ئاماژەوی بەوەدا کە پێویستە ئەو دوو وەزارەتە بدرێنە کەسانی پسپۆڕ ئەگەرنا با وەزیرەکانی پێشوو لە شوێنی خۆیان بێننەوە ئەو لە هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوە ئەم دوو وەزارەتە پێویستە وەزیرەکانییان کەسانێکی پسپۆڕ بن لە بوارەکەی خۆیان کە پارتی دیموکراتی کوردستان وەزارەتی پەروەردەی بەرکەوتووە و یەکێتی نیشتمانی خوێندنی بالا بۆیە پێویستە بۆ پەروەردە کەسانێک بن کە لە ناو وەزارەت کاریان کردبێت و شارەزا بن و بە مامۆستایەتی

بەڵام مووچەکەی خۆی نەئەگەییە ملیۆنێک واتا هەموو مووچەکەی نەئەگەیشتە قستی مانگانەی ئۆتومبێلەکە هەر بۆیە مامۆستا هەبوو ئۆتومبێلەکەی ئەفرۆشتەوە بە نرخێکی هەرزانتر وە پارەکەی ئەخستە ئیشێکی ترەوە و هەندێک جاریش لە کارەکەدا مایەپووچ بووە، دواتر لەگەڵ قەیرانی دارایی ئەو پرۆژەیە نەما و کۆتایی هات . لە دوای نەمانی پاشەکەوتی مووچە دابەش کردنی لە کاتی خۆی و هەر سی ڕۆژ جارێک و تێپەڕبوونی قەیرانی دارایی زۆرێک لە مامۆستایان باسی

تا ئێستا سێ کۆبوونەوە کراوە، لەگەڵ کۆمپانیایەک هەموو ئەندامانی سکرتاریەت ئاگاداری نەبوون

ئەوەیان دەکرد گرێبەستێک بکرێت بۆ هێنانی ئۆتومبێل یان کەل و پەلی ناو ماڵ و مۆبیلیات یاوەخود دروست کردنی خانوو کە لە ئێستادا

بکەین لە کارەکە هەرچەندە کۆمەڵێک هەڵەشی تێدا ئەکرا بۆ نموونە مامۆستا ئەهات ئۆتومبیلێکی وەرئەگرت بە 60000دۆلار

ڕێژەی قازانجی 6%پێمان زۆ بوو ماوەی سێ ساڵەکەمان بە کەم ئەزانی زۆر جار هەبوو بەخەڵکی هەولێر ئەدرا ، بەڵام خەڵکی سۆران نەیانئەتوانی سوود مەند بن گوایە تاپۆیان نیە یان بە خەڵکی سلێمانی ئەدرا بە خەڵکی گەرمیان و هەڵبجە نەئەدرا لەبەر ئەوەی کۆمپانیا لقی لە هەڵبجە نەبوو بۆیە کێشە و گرفتی زۆرمان بۆ دروست بوو ، بەڵام لە ئەنجامدا هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ ئیشەکە باش بوو توانیمان 350مامۆستا سوودمەند

لە گەرمیان 2پرۆژەمان هەیە لە سلێمانی یەک پرۆژەمان هەیە کە % 70تەواو بووە لە هەولێر پرۆژەکە تەواو بوو کە مامۆستا لە 100تا سەدو بیست مانگ قیستەکانی ئەداتەوە، ژمارەی مامۆستایانیش زۆرە و ئەرکی ئێمەیە کە هەوڵ دەین.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا یەکێتی مامۆستایان هیچ کۆبوونەوەیەکی بەو مەبەستە کردووە و نەگەشتبنە ئەنجام و هۆکارەکەی چی بوو؟

مامۆستا ئەحمەد ئاماژە بەوەدەدات کە هەڵەی تەکنیکی هەبوو لە شێوازی کارەکە کە نەدەبوو وا بێت ئەو وتی " بە ڕای من ئەو کارە هەڵەیەکی تەکنیکی تێدابوو دەبوایە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە مەکتەبی سکرتاریەت بڕیارێک بدات پاشان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بکرێت و لە کۆنگرەکە رایبگەینێت کە یەکێتی مامۆستایان خوازیاری گرێبەستێکە بۆ هێنانی

ئەزموونی مامۆستایەک

مامۆستا عەبدالسەلام محەمەد:

گەورەترین گرفتی وانە وتنەوە زۆری ژمارەی قوتابیانە لە پۆلێکدا


مامۆستا عەبدالسلام محەمەد

ئاماەکردنی / ڕۆشنا عەلی

ئەزموونی مامۆستایەک گۆشەیەکی هەفتانەی لاپەڕەی پەروەردەو خوێندنە ئەو مامۆستایانە بەسەردەکاتەوە کە تەمەنیان بۆ خزمەتی پیشەیی مامۆستایی و پەروەردە تەرخانکردووەو لەسەردەمێکدا خزمەتییان بە قوتابیان و منداڵانی کوردستان کردووە ، ئامانج لە ئامادەکردنی ئەم گۆشەیە نزیکبوونە لەو مامۆستایانەو بەسەرکردنەوەیانە هەروەها بەراوردێکی پەروەردەییانەشە لە نێوان دوو سەردەم لە پەروەردەکردنی جیاواز و دوو نەوەی جیاواز ، هاوکات دیاریکردنی ئەو کێشە پەروەردەییانەیە کە لە ئێستادا بوونییان هەیە پێشنیارو بۆچوونی ئەوان بەرچاو ڕوونییەکە بۆچارەسەرکردن و بنبڕکردنی بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەو ئەزموونەی هەیانە ، ئەزموونی ئەم هەفتەیە ئەزموونی مامۆستا (عەبدوالسەلام محەمەد شێخ محەمەد)ە پسپۆڕی وانەی کۆمەڵایەتییە ولە ساڵی 1980وە مامۆستایە و هەم وەک مامۆستا خاوەن ئەزموونە و هاوکات وەک ئیدارە وبەڕێوەبەر ماوەی 18ساڵە بەڕێوەبەرە ، مامۆستا سەلام پێی وایە گەورەترین گرفتی وانە وتنەوە زۆری ژمارەی قوتابیانە لە پۆلێکدا

یەکەم دەسپێک

مامۆستا سەلام لە - 10-28 1980یەکەم ڕۆژی دەسپێکی بووە وەک مامۆستا و لە گوندی تەللیخمی گەورەوە دەستی پێکردووە ئەو بۆ خەبات وتی " لەبارەی پسپۆڕی پسپۆڕیم گشتییە ، بەڵام زیاتر بابەتی کۆمەڵایەتیم گوتۆتەوجگە لەوەش لەبواری کارگێڕی ئیدارە یاریدەدەرو پاشان وەک بەڕێوەبەر تاکو ئێستا بەردەوامم.

خاڵی سەرکەوتن

بەو ئەزموونەی هەتانە پێتان وایە مامۆستا چی بکات بۆ ئەوەی قوتابی سەرکەوتووی هەبێت؟

گرنگی چاودێری ووردی ڕۆژانەی قوتابیان، هەروەها گرنگی دان بەئاستی کوشش قوتابیان بەجیاوازی تاکایەتیەوە

گرفتی وانە وتنەوە

مامۆستا سەلام دەربارەی سەرەکیترین گرفتی مامۆستا



قوتابییە یەکەمەکان دیاریان پێدەدرێت

خەبات/ ڕۆشنا:

قوتابیانی یەکەم و دەرچوو لەهەر قوتابخانەیەکی شاری هەولێر دیاری سمایلاند وەردەگرن و ئەمەش تەنها وەک خۆیان دەڵێن بۆ زیاتر هاندانی قوتابیانە و دەیانەوێت ڕۆڵییان لە هاندانی قوتابییان هەبێت ، حاجی ئاغا لەبەشی پەیوەندییەکانی شاری یاری سمایلاند بۆخەبات ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان بەردەوام بە دابەشکردنی کارتی بێبەرامبەر لە قوتابخانەکان ولە ئۆفەری ناوازەو بەرامبەر نرخێکی زۆر کەم هاوکاری قوتابییان بوون ئەو وتی " سمایلاند هەردەم پالپشتی قوتابیان بووە بۆ زیاتر هاندان لە بواری خوێندن تاوەکو زیاتر منداڵان گرنگی بە خوێندن بدەن، بە بۆنەی کۆتایی هاتنی وەرزی خوێندن شاری یاری سمایلاند بۆ خۆشی وە رگرتن ئۆفەرێک دەبەخشێتە هەرقوتابییەک کە کارتی دەرچوونی بهێنێتە سمایلاند لە بەرامبەر 8000 هەشت هەزار کارتێکی 30000وەردەگرێت ئەم ئۆفەرەش تایبەتە بە قوتابیانی ئازیز بۆ ئەوەی ببێتە هاندانێک بۆیان، زور سوپاسی بەڕێوەبەرایە تی پەروەردەی گشتی هەولێر دەکەین کە بەردەوام هاوکارن بۆ کارو چالاکییەکانمان.



وێنەی قوتابیان لەکاتی پێدانی دیاری

کوردستانی بوونی کەرکووک لە هزر و فەلسەفەی (مستەفا بارزانی)دا
بارزانی نەمر: بڵێ.. کەرکووک داگیرکراوە، بەڵام مەڵێ کەرکووک شارێکی کوردستانی نییە؟



زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

بەڵگەنەویستە کە شاری دێرینی کەرکووک بەپێی بەڵگەنامە مێژوویی و نێودەوڵەتییەکان ئەسڵ کوردستانییە، ئەو راستییەش دەسەلێنن کە هەر لە مێژە کەرکووک دانەبڕاوە لە جەستەی کوردستانی دایک و لە ناخی سەرجەم تاکەکانی گەلی کورددا تۆمارکراوە. سەرۆک مستەفا بارزانی مەزنترین شۆڕش (شۆڕشی مەزنی ئەیلوول)ی کردە قوربانی کوردستانییەتی کەرکووک و هەرەوەها و ژیانی خۆشبی لەو پێناوەدا بەخشی،لە سەرجەم دانوستاندن و گفتوگۆی شاندە فەرمییەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی مەرکەزیدا، بارزانیی نەمر بە وتەیەکی بەنرخ و پیرۆز و شایستە، بە بەڵگەی زیندوو کوردستانییوونی ئەو شارەی دەسەلماند. لەم روانگەیەوە هەوڵمداوە لە رێگەی ئەم بابەتەوە چەندین وشە و وتەی بەنرخی مستەفا بارزانی سەبارەت بە کوردستانییوونی ئەو دەڤەرە لە زاری چەند دبلۆماس و سیاسەتمەدار و رۆشنبیرێکەوە بخەمەڕوو.



1

بەڵگەنەویستە کە شاری دێرینی کەرکووک بەپێی دیکۆمێنت و بەڵگەنامە مێژوویییە کۆنەکان و نێودەوڵەتییەکان، شارێکی ئەسڵ کوردستانییە، ئەو راستیەش دەسەلێنن کە هەر لە مێژە بەشێکی دانەبڕاوە لە جەستەی کوردستانی دایک و لە هزری سەرجەم تاکەکانی گەلی کورددا تۆمارکراوە.

هەر چەندە لە سالانی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی بیستەمدا ململانێی و کێشمەکێشمی زۆر لەسەر کوردستانی بوونی ئەو شارەی دەسەلماند. یاخود هەمیشە بیرۆکە و وشە و قسەی سەنگینی سەبارەت بە کوردستانی بوونی ئەو شارە پێ بوو. کە چەندین وتەی بەنرخی لەو روانگەیەوە هەیە و لە پاش خۆی وەک سەروەرییەک تۆمار دەکرێت لە زۆر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و وتار و بەڵگەنامە و.. هتد. سوودێکی زۆری لێ وەردەگیرێت و نەوە لەدوای نەوە شانازی پێوە دەکات.

لەو روانگەیەوە هەوڵمداوە لە رێگەی ئەم بابەتەوە چەندین وشە و وتەی بەنرخی مستەفا بارزانی سەبارەت بە کوردستانییوونی ئەو دەڤەرە لە زاری چەند دبلۆماس و سیاسەتمەدار و رۆشنبیرێکەوە بخەمەڕوو بەم شێوەیە.

شاری کەرکووک لە زۆر رووەوە گرینگییەکی تایبەتی هەیە، هەرە ئاشکراکەیان ئەو سامانە ئابوورییە گرینگەی کەرکووک. جگە لەوەش زۆرێک لە سەرچاوە مێژوویی و سیاسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرۆک مستەفا بارزانی گیان و ژیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخشی، کە لە سەرجەم دانوستاندن و گفتوگۆی شاندە فەرمییەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی مەرکەزیدا بارزانیی نەمر بە وتەیەکی بەنرخ و پیرۆز و شایستە، بە بەڵگەی زیندوو کوردستانییوونی ئەو شارەی دەسەلماند. یاخود هەمیشە بیرۆکە و وشە و قسەی سەنگینی سەبارەت بە کوردستانی بوونی ئەو شارە پێ بوو. کە چەندین وتەی بەنرخی لەو روانگەیەوە هەیە و لە پاش خۆی وەک سەروەرییەک تۆمار دەکرێت لە زۆر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و وتار و بەڵگەنامە و.. هتد. سوودێکی زۆری لێ وەردەگیرێت و نەوە لەدوای نەوە شانازی پێوە دەکات.

لەو روانگەیەوە هەوڵمداوە لە رێگەی ئەم بابەتەوە چەندین وشە و وتەی بەنرخی مستەفا بارزانی سەبارەت بە کوردستانییوونی ئەو دەڤەرە لە زاری چەند دبلۆماس و سیاسەتمەدار و رۆشنبیرێکەوە بخەمەڕوو بەم شێوەیە.

شاری کەرکووک لە زۆر رووەوە گرینگییەکی تایبەتی هەیە، هەرە ئاشکراکەیان ئەو سامانە ئابوورییە گرینگەی وەک ئەو نەوت و گاز و کانزا زۆرەی تێیدایە و کردوویەتییە مەڵبەندێکی ستراتیژی گرینگی ئابووری و سیاسی، هەر بۆیە لە شارەکانی دیکە زیاتر هەڕەشەی بەعەرەب کردنی لێکراوە و لێی دەکرێ، جگە لەوەی شوێنە جوگرافییەکەشی گرینگی خۆی هەیە. پێش دەستکارییە رەگەزپەرستانە ئاشکراکەی سالی 1975 شاری کەرکووک زۆرینەی دانیشتوانی کورد بووە و ئەوانی دیکە تورکمان و عەرەب و ئاسووری بوون، دەتوانرا ئەم شارە بکرێتە شاری برایەتی و پێکەوە ژیان ئەگەر سیاسەتی حکوومەتەکانی عێراق راوەستایە. کەچی ئێستا لەلایەن چەند سەرکردەی عەرەب و تورکمانەوە دەیانەوێت ببێتە نمونەی بەعەرەبکردن و تورکمان و کۆچاندن و چەوساندنەوە و گۆڕینی نەتەوایەتی، بە بیانوی هەڵکردنی ئالای کوردستان و گشپرسییەوە، دەیانەوێ درێژە بە سیاسەتەکانی رژێمەکانی پێشوو بدەن، وێڕای چاوتێبڕینی دەوڵەتانی دراوسێ و تەماعکاری دوژمنکارییانە بە تایبەتی وڵاتانی عێراق و ئێران و تورکیا.

شاری کەرکووک لە مێژووی سیاسیدا بە دڵی کوردستان دەمێردرێ، بۆیە داخ لە دڵ و شۆڤێنیەکان دەیانەوێت دەستی بەسەردا بگرن و باری نەتەوایەتییەکەی بگۆڕن، تەنانەت کاتێک لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی رازی بوو دەوڵەتێک بۆ کوردستان دابنێ بە پێشەوایەتی شێخ مەحموودی نەمر، بەڵام کەرکووکی نەخستە نێو سنووری ئەو کوردستانە. بەشی گەلی کوردستان لەو نەوتەی لە خاکەکەی دەردەهێنرێ هەر لە کۆنەوە تەنیا مەینەتی و کڵۆڵی بووە، حکوومەتی بەغدا بە پارەی نەوت چەکی وێرانکاری دەکرێ و دژی ژن و منداڵی کوردستان بەکاریهێناوە، بەڵام بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق، زانکۆ و کارگەی گەورە و نەخۆشخانە و پرۆژەی گەورە گەورەی پێ ئەنجام دەدا و رێگاوبانی پێ خۆشکرد! بۆیە باشتر وایە بڵێین پێشتر نەوتی کوردستان ببووە نەگبەتی و مەینەتی بۆ گەلی کوردستان.. لە ئێستاشدا کورد رازی نابێت درێژە بەو سیاسەتە دەباڵ کورد هەر گەلە چەوساوەکەی جارانە و بە ئارەزووی خۆیان تەراتێنی پێ بکەن. لە ئێستاشدا لە لایەن چەند گرووپێکی میلشیای (حەشدی شەعبی)یەوە بە بیانوی جۆراو جۆر داگیراوە و دەیانەوێ سەرلەنوێ کار بکەن بۆ گۆڕینی دیموگرافیای شاری کەرکووک و دەوروبەری..

بێگومان پرۆسەی بەعەرەبکردن لە شاری کەرکووکدا شتێکی تازە نییە، ئەوانەی تێپەڕاندووە کە رژێمەکانی پێشووی عێراق کردوویانە!. لە سەردەمی یەکەم دەسەلاتی بەعس سالی 1963خەڵکی (23) گوندی کورد لە دەوروپشتی کەرکووک بەبیانووی پاراستنی ئاشتییەوە دەرکران و خێزانی عەرەب لەگەڵ (شێخ حەواسی سەدید) هێنرانە جێیان. ئەم کێشەیە لە 1966لە وتوێژی لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بە رابەراتی بارزانیی نەمر لەگەڵ (بەزاز)دا و پاشتر لەگەڵ تاهیر یەحیادا هێنرانە گۆڕێ، تاهیر یەحیا ئەو عەرەبانەی لابرد، بەڵام وای دانا کە ببێتە ناوچەیەکی قەدەغەکراو، نەکورد و نەعەرەبی تێدا دانەنیشێ، چونکە زۆر لە کانگای نەوتەوە نزیکە.

لە وتوێژی سالی حەفتا دا شاری کەرکووک خاڵی بناغەی ناکۆکیان بووە لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و بەعسدا، پاشتر سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی بەعس پێکهاتن لەسەر ئەوەی سەرژمێری سالی 1957 بکرێتە بناغەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە کەچی بەعس دیسانەوە دەستی کرد بەگۆڕینی دەفتەرەکانی سەرژمێری، لە کۆبوونەوەیەکی وتوێژدا پێش ئیمزاکردنی رێککەوتنی11ی ئازاری سالی 1970،)عەبدوڵلا سەللوم سامەرائی) ئەندامی شاندی حکوومەت بەبێ هیچ هۆیەک گوتی:" من دەڵێم: کەرکووک هی کورد نییە ، کێ دەتوانێ پێچەوانەی ئەوە بسەلێنێ؟

لەم قسەیە کۆبوونەوەکە گرژبوو ، بارزانی گفتوگۆکانی بەجێ دەهێڵێ. بەڵام پاش ئەوەی زۆر تکای لێدەکەن دەگەڕێتەوە کۆڕی گفتوگۆکان و دەڵێت:"داگیرکردن لە عەقڵەوە نزیکترە، بڵێ داگیرکراوە و مەڵێن کەرکووک شارێکی کوردستانی نییە. ئینجا بارزانی بە تووڕییەوە دەڵێت:"کەرکووک لەوەتەی دنیا هەیە هی کورد بووە، ئەم قسەیەی تۆیش هیچ پاڵپشتێکی مێژوویی نییە، بتانەوێ و نەتانەوێ کەرکووک بە کوردی دەمێنێتەوە دەتوانن بۆ ماوەیەک داگیری بکەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن وامان لێ بکەن ددان بە ڕەوا بوونی ئەم کارەتان بنێین، کێشەی کەرکووک بێنەوبەرەی لەسەر ناکرێ و نامەوێ جارێکی دیکە گوێم لە قسەی وابێ، ئێمە هەموو پێناوێک لە رێی کەرکووکدا دەدەین.

هەر لەو کاتانەدا بوو کە رژێم تینی بۆ کوردەکانی کەرکووک هێناو لەسەر فەرمانگە حکوومیەکان و کۆمپانیای نەوت دەربکردن، بێگومان سووربوونی بەغدا و دان نەنانی بەوەبی کە کەرکووک شارێکی کوردستانییە، یەکێک بوو لەو هۆیانەی رێککەوتنی11ی ئازاری لەق کرد و، شەڕی سالی 1974 دەستی پێکردەوە.

ئایندەی کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی فەرهەنگی تونددوتیژی



د.سامان سۆرانی

گەلی کوردستان، بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو بە زۆر قۆناغی سەختدا تێپەڕی، بەردەوام دووچاری شەڕی پاکتاوی و جەنگی دەروونی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا توانی بە برینداری هێزی خۆی کۆبکاتەوە و کار بۆ مانەوەی خۆی بکات. لەو قۆناغە و تەنانەت پێش ئەو قۆناغیش ناسەقامگیری لە هەموو ڕوویەکەوە باڵی کێشابوو بەسەر کۆمەڵەی کوردستان.



زۆر بە دەگمەن دەرفەت هەبوو بۆ کارکردن لەسەر پرۆژەی دووبارە بونیادنانی کەسایەتی کوردستانی و دروستکردنی متمانە لە نێو کۆمەڵەی کوردستانی و بڵاوکردنەوەی ئاسایش و ئاشتی لە نێوان نەتەوە و ئاین و ئاینزاکانی کوردستان و هاندانی پرۆژەی سەرخستنی زمانی دیالۆگ بەسەر زمانی زبر و بەکارهێنانی هەڕەشە و تۆقاندن و کارکردن بۆ باڵادەستی زمانی ژیان بەسەر زمانی مەرگ.

گەلی کوردستان ئەمڕۆ زیاتر لە هەموکاتێ پێویستی بە پرۆژەی دڕووستکرنی ڕای گشتی نوێ هەیە، کە بونیادنان و پەرەپێدان و پێشکەوتن لە خۆ بگرێت و تێکدان و دواکەوتن ڕەت بکاتەوە.

پرۆژەی ڕاستکردنەوەی چەمکە ناتەندروستەکان لە ڕێباز و باوەڕ و دەستەواژە پیرۆزەکان پیویستیەکی هەنوکەییە.

ئەو پرۆژەیەی کۆمەڵگا بەهێز دەکات و بەهای دادپەروەی و ئازادی و دانپێنان بە کەسی تر لە خۆ دەگرێت.

ئەو پرۆژەیەی قەناعەتی نوێ بۆ بەکارهێنانی ناتوندوتیژی پشت ئەستوور بە بنچینە و بەها شارستانیەتەکان دروست دەکات.

پێم وایە هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و مومارەسەیەکی شارستانیانە زەمینە ساز لە بیر و باوەڕ و دیدگای مەرۆڤەوە دەست پێ دەکات.

بە پێویست دەزانرێت، جەخت لەسەر فەرهەنگی ناتوندوتیژی بکرێت، بۆ چەسپاندنی ڕێبازی ناتوندوتیژی لەناو هزر و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگا.

پێویستە کار لەسەر چەمکی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان گەلان و مافی چارەنووس بکرێت.

پێویستە دەقە ئایینیەکان و سەرجەم بەرهەمی گەورە بیرمەند و فەیلەسوف و یاسا جیهانیەکان زەق بکرێنەوە، ئەو تێکستانەی ناتوندوتیژی وەکو فەرهەنگ بەرجەستە دەکەن. پێویستە سەرچاوە ئەرێنیەکان بکرێن بە خۆراکی ڕۆژانەی تاکی کۆمەڵگا، تاوەکو بە ئاسانی کارا بکرێن و لەناو ڕەفتار و مامەڵەی ڕۆژانەی مرۆڤەکان ڕەنگدانەوەیان هەبێت.

میکانیزمەکانی کارکردن لە سەر ئەم بابەتە بریتین لە ڕووڕاندنیئەو زانیاری و بابەتانەی، کە هاندەری داڕشتنەوەی فەرهەنگی ناتوندوتیژین.

بواڕەکانی وەکو تەفسیر و گێڕانەوە و مێژوو و ئەدەب و ڕۆمان و هونەر بەهەموو لقەکانی، دەتوانن فەرهەنگی ناتوندوتیژی بکەن بە ناوەرۆک و دروشم.

پێویستە ئەو میتۆلۆژیا و داستانانە لەناو بدرێن، کە دەبنە مایەی بەردەوامبوون و بووژانەوەی فەرهەنگی تونددوتیژی.

پێویستە نوسەر و پسپۆڕ و زانایان کارنامەی میدیا و ئامرازە میدیاییەکان دابڕێژن، یان پەسەند بکەن. هەروەها پێویستە زانایان و بیرمەندان بەرنامەی هاوچەرخی فێرکردن هەڵبژێرن، تاوەکو لە ڕێگەی ئەو بەرنامانەوە پەروەردە شێوازێکی مۆدێرن و پر لە بەهاکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و لێبوردەیی و زانست و ژینگەپارێزی و مافی مرۆڤ و ئاژەڵدۆستی لە خۆ دەگرێت و کۆتێب و بەرنامەکانی خوێندن پاک دەکرێتەوە لە هەر بابەتێک، کە پەیوەندی هەیە بە تونددوتیژی.

پێویستە لە هەرێمی کوردستان ڕۆژێک دیاری بکرێت بۆ ئاشتی و برایەتی و خۆشەویستی، کە گەورەترین سەرمایەی جیهانە و ئایندەی کوردستان لەسەری بەندە.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٥) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٠٠٨٣٤٣ بەروار ٢٠١٦/١/٢٤ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ دینار بەناوی شرکە ڕێ ڕۆژانو وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای یام جۆری ئۆتۆمبێل: حفارە زنجیر دایو حجم کبیر ڕەنگ برتقالی مۆدێل ٢٠٠٥ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٩٩٩٣٧ کاتی دهوك ژمارەی شاسی: S225LC-VE50335 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پێناسی سەربازی وەزارەتی ناوخۆ- بەرگری فریاکەوتن- فەوجی ٢ی لیوای ٥ چەمچەماڵ بەناوی (حکیم ڕشید اسماعیل) ون بووە ، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠١٠٥٨٥١٤)

***

مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة اربيل الواقعات

عدد/ ٩٣٧٢

تاريخ/ ٢٠١٩/٧/٣

اعلان

قدم المواطن (هونر عمر حسين) دعوى فى هذه مديرية تسجيل اللقب (گەردى) فمن لديه اعتراض مراجعه هذه المديرية خلال ١٠ ايام من تاريخ نشره فى الجريدة و بعكسه فسوف تنظر هذه المديرية فى المدعوى وفق احكام الماده ٢٤ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

اللواء/ هيثم فاضل الغرباوى

مدير الاحوال المدنيه والجوازات والاقامه/وكالة

***

محكمة المواد الشخصية في القوش

العدد/٤٠/مواد/٢٠١٩

التاريخ/٢٠١٩/٧/٤

اعلان

الى المدعى عليها (ميلان فرعون اسماعيل) السكن ناحية القوش قرية دوغات سابقا وحاليا مجهولة محل الاقامة قررت هذه المحكمة تعيين يوم ٢٠١٩/٧/١١ الساعة التاسعة صباحا موعدا للمرافعة في دعوى تصديق الطلاق المرقمة ٤٠/مواد/٢٠١٩ المقامة من قبل المدعي زوجك (نشوان ناطق بيبي) ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار قرية دوغات عليه قرر تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين يوميتين وفي حالة عدم حضورك في الموعد المحدد اعلاه سوف تجري المرافعة بحقك غيابيا وفق الاصول والقانون

القاضي / حسام الدين احمد علي

***

دائرة التسجيل العقارى فى حلبجه

الرقم / ٨٤٨

التاريخ/ ٤ / ٧ / ٢٠١٩

اعلان

طلب اعلان تسجيل عقار مجددا

بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ/ ٢٦ / ٥ / ٢٠١٩ لتسجيل تمام العقار تسلسل ٢٩٤ محلة طويله باسم ((بهشان محمود صالح)) مجددا باعتباره حائزا له بصفة المالك للمة القانونية . ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا لتسجيل وفق احكام قانون التسجيل العقارى رقم ((٤٣)) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذاالطلب , فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذاالعقار تقديم ماليديه من بيانات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذاالاعلان وكذلك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالى لانتهاء مدة هذاالاعلان وذلك لاثبات حققه موقعيا فى الكشف الذى سيجرى فى اليوم المذكور لهذاالغرض

مدير / دائرة التسجيل العقارى فى حلبجه

عمر محمود محمد

***

رئاسة محكمة استئناف منطقة كركوك

محكمة الاحوال الشخصية في كلار

العدد: ٥٥٦/ش/٢٠١٩

التاريخ: ٢٠١٩/٦/٣٠

تبليغ

الي المدعي عليها/ ثيهان خليل كريم

اقا المدعي (آسو محمد احمد) عليك الدعوي المرقمة ٥٥٦/ش/٢٠١٩ ويطلب فية اسقاط حضانة للاطفال (رەوەند و ئەلەند) ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بمضمون الدعوي وموعد المرافعة الموافق ٢٠١٩/٧/٢٢ الساعة التاسعة صباحا اعلانا بصحيفتين يوميتين محليتين استنادا لاحكم المادة ١/٢١ من قانون المرافعات المدنية وفي حال عدم حضورك او ارسال وكيل عنك ستجري المرافعة بحقك غيابيا و علنا.

القاضي/ سيروان محمود الزهاوي

***

دادگای کەتنی پیرە مەگروون

ژمارە: ٨٥/ك/٢٠١٨

ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٢١

بۆ/ تۆمەتبارانی ڕاکردوو: ڕۆبیتەن هۆشیار عمر و نزار عمر حمە علی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (پیرەمەگروون) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ شنۆ محمود علی

***

دادگای بەرایی دهشتی هەولێر

ژمارەی داوا :٨٢/ب/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٣

جارِدان

بۆ داوالێکراو (ریباز محمد خضر) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (بەختیار سلیم امین بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای بەختیاری سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە ٨٢/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (قەرزەکەی بەبری ١٥٠٠٠٠٠٠ پانزدە ملیۆن دیناری عیراقی دەکات) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری (مختاری کۆمەڵگای (پیرزین) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢٢ کاتژمێر (٩) سەر لە بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ نیگار احمد محمد

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٧/٤

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (مریوان مجید علی) لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- ئامێری تشریح کردنی حرف T المنیۆم ژمارە/٢٦٦٤٠ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٧٥.

٢- ئامێری دەرهێنانی شوێنی کیلۆن و نەرمادەی دەرگا ژمارە/٢٦٦٤١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٧٥.

٣- ئامێری مقەستی برینی پلێت ژمارە/٢٦٦٤٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨

٤- ئامێری پرێسی خوارکردنەوەی پلێت ژمارە/٢٦٦٤٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨

٥- سێ دانە کەتەری برینی المنیۆم ژمارە/٢٦٦٤٥ و ٢٦٦٤٦ و ٢٦٦٤٧ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٢٥٠.

٦- کۆمپرێسەری هەوا ژمارە/٢٦٦٤٤ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە:٢٧٦٣/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٤/ ٧/ ٢٠١٩

جارِدان

بۆ داوالێکراو (کرم محمد صالح)، شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (جوان رمضان عمر) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت داوالێکراو بە ژمارە ٢٧٦٣/ش/٢٠١٩ تیایدا داوای (تفریق/ لیك جیابوونەوە) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- گەرەکی تەیراوە) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٨/٤) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.

دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

دادگای تاوانی هەولێر/١

ژمارە: ١٩٩/ج/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٤

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ نیاز عبدالرحمن مصطفی

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٨٩-٢٩٨ لەیاسای سزا و سەماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/١٦ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

***

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر

ژمارە/ ٢٧٣/ج/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٣

بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (هێرش سعید حسن)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددە ٣٩٤ لەیاسای سزایی وە سەماندنی هەلاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/١٨ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادوەر/ زرار محمود مرادخان

***

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە/٨٤/ت/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٦

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ محمد رشید عرب

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٢٨ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی یاسایی (٧ ژمارە ٨ی سالّی ٢٠١١) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/١

ژمارە/٩٤٩/ك/٢٠١٧

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٦

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ عماد محمد حسن

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٢٨ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

***

وەزارەتی کارەبا

نووسینگەی وەزیر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

ژمارە: ٤١٠٦

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٣

بڵاوکردنەوەی ئاگاداری

کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠١٩

وەزارەتی کارەبا کەمکردنەوەی نهێنی ڕاەگەیەنێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی (دامەزراندنی وێستگەی مۆبایلی دێرێ) بە مەبەستی چاسەرکردنی بار زۆری فیدەرەکانی وێستگەی خانزادو چەژنی کان جا هەر بەڵێندەرێك یان کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بدات لە وەزارەتی کارەبا بۆ وەرگرتنی تەندەرو مەرجەکانی .

مەرجەکانی بەشداری کردن :

١- جێ بەجێ کردنی کارەکان دەبێت بەپێی ی ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢) سالّی (٢٠١٦) و ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .

٢-هەموو کارەکان دەبێت ئەنجام بدرێت بەپێی ی مواسفاتی وەزارەتی کارەبا.

٣- ماوەی ئەنجامدانی پرۆژەکە (١٨٠) سەدو هەشتا ڕۆژی تەقویمیە دوای هەفتەیەك لە بەرواری واژووکردنی گرێبەست .

٤- بەڵێندەر دەبێت پابەند بێت بەمەرجەکانی دواکەوتن بەپێی ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی هاوکێشەی / پێبژاردنی ڕۆژانە گوژمەی گرێبەست \ ماوەی ڕۆژەکانی گرێبەست ×١٠٪ لە ڕێنمایەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکان

٥- ماوەی گەرەنتی و چاککردنەوەی پرۆژەکە دەکاتە (١٢)مانگ لەبەرواری وەرگرتنی سەرەتایی .

٦- بارمتەی سەرەتای بریتیە لە (٤٩,٣٢٠,٠٠٠) چل و نۆ ملیۆن سێ سەدو بیست هەزار دینار کە بە چەکێکی پەسندکراو یاخود بە شێوەی (دەستەبەری بانکی).

٧- ٥٪ لەکارە ئەنجامدراوەکانی کۆتایی دەبردرێت وەکو بارمتەی کۆتایی (چاککردنەوە) .

٨- کۆمپانیا دەبێت بە لایەنی کەم یەك کاری هاوشێوەی پرۆژەی هاتووی ئەنجام دابێت.

٩- بەڵێندەر نابێت بەهیچ جۆرێك فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا لە کارەکە بەکار بهێنێت .

١٠- لەکاتی هەبوونی جیاوازی لە نێوان دەرخستەو دیزاین (نەخشەکان) بریاری ئەندازیاری سەرپەرشتیار وەردەگیرێت.

١١- دەبێت کۆمپانیا لە پلە چوار کەمتر نەبێت ئەگەر بەڵێندەرایەتی بێت وە ئەگەر کۆمپانیا بازرگانی گشتی بێت پێویستە تۆمار کرابێت و وێنەیەك لە تۆمار پێشکەش بکات لە گەڵ ئۆفەر.

١٢- دەبێت ئۆفەری دارایی و تەکنیکی لە دوو زەرفی داخراوی جیا جیا پێشکەش بکرێت.

١٣- دەبێت تەندەرەکە مۆرو واژووی کۆمپانیای لەسەر بێت.

١٤- بەڵێندەر دەبێت ئەندازیاری کارەبایی بۆ پرۆژەکە دابنێت تاوەکو پرۆژەکە تەواو دەبێت .

١٥- وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە وەزارەتی کارەبا / ب. گرێبەستەکان دەبێت.

١٦- ئامادەبوونی نوێنەری کۆمپانیا لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان .

١٧- کرێ ی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە دەبێت کە بۆی دەردەچێت .

١٨- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیارکراو وەرناگرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

١٩- نرخی کرینی تەندەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزاردینارە بە پێ ی پسولەیەك کە بۆی ناگەڕێتەوە.

٢٠- ئەگەر بەهەر هۆیەك ڕۆژی دیاریکراو بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر بووە پشوو ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی دوای ئەو بەروارە دەبێتە دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر.

٢١- دواڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە ڕۆژی دوو شەممە لە ڕێکەوتی ١٥/ ٧ /٢٠١٩ دەبێت کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ.

هۆگر محمد فرج شالّی

بریکاری وەزارەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١١٦١١

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٥

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (ڕێ تیلیکۆم) بۆ گەیاندن/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ڕێ تیلیکۆم) بۆ گەیاندن/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٤/٢٩) کە تۆمارە لەڕێر ژمارە (٦٠٥١) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٥/١٠ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (عمر مجبل السامرائی) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فرهاد فؤاد عثمان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٢٥

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٢٣٢٦

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (کفلین) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کفلین) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/١٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فرات عمادالدین محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/٤

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (کفلین) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ڕێ تیلیکۆم) بۆ گەیاندن/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

وەزارەتی کارەبا
نووسینگەی وەزیر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ٤١٠٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٣
بڵاوکردنەوەی ئاگاداری
کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی کارەبا کەمکردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی (دابین کردنی وێستگەیەکی مۆبایل بەتوانای ٣٣/١١ کەی قی ٢٥MVA بۆ وێستگەی صالح ئاغا لە ناحیەی قۆرەتوو) جا هەر بەڵێندەڕێك یان کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بدات لە وەزارەتی کارەبا بۆ وەرگرتنی تەندەرو مەرجەکانی.
مەرجەکانی بەشداری کردن :
١- جێ بەجێ کردنی کارەکان دەبێت بەپێی ی ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢) ساڵێ (٢٠١٦) و ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.
٢-هەموو کارەکان دەبێت ئەنجام بدرێت بەپێی ی مواسفاتی وەزارەتی کارەبا.
٣- ماوەی ئەنجامدانی پڕۆژەکە (١٨٠) سەدو هەشتا ڕۆژی تەقویمیە دوای هەفتەیەك لە بەڕواری واژووکردنی گرێبەست.
٤- بەڵێندەر دەبێت پابەند بێت بەمەرجەکانی دواکەوتن بەپێی ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی هاوکێشەی / پێبژاردنی ڕۆژانە گوژمەی گرێبەست \ ماوەی ڕۆژەکانی گرێبەست ×١٠٪ لە ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکان
٥- ماوەی گەرەنتی و چاککردنەوەی پڕۆژەکە دەکاتە (١٢)مانگ لەبەرواری وەرگرتنی سەرەتایی .
٦- بارمتەی سەرەتای بریتیە لە (٣٦,٠٠٠,٠٠٠) سی و شەش ملیۆن سێ سەدو بیست هەزار دینار کە بە چەکێکی پەسندکراو یاخود بە شێوەی (دەستەبەری بانکی).
٧- ٥٪ لە کارە ئەنجامدراوەکانی کۆتایی دەبردرێت وەکو بارمتەی کۆتایی (چاککردنەوە) .
٨- کۆمپانیا دەبێت بە لایەنی کەم یەك کاری هاوشێوەی پڕۆژەی هاتووی ئەنجام دابێت.
٩- بەڵێندەر نابێت بەهیچ جۆرێك فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا لە کارەکە بەکار بهێنێت .
١٠- لەکاتی هەبوونی جیاوازی لە نێوان دەرخستەو دیزاین (نەخشەکان) بریاری ئەندازیاری سەرپەرشتیار وەردەگیرێت.
١١- دەبێت کۆمپانیا لە پلە چوار کەمتر نەبێت ئەگەر بەڵێندەرایەتی بێت وە ئەگەر کۆمپانیا بازرگانی گشتی بێت پێویستە تۆمار کرابێت و وێنەیەك لە تۆمار پێشکەش بکات لە گەڵ تۆفەر.
١٢- دەبێت تۆفەری دارایی و تەکنیکی لە دوو زەرفی داخراوی جیا جیا پێشکەش بکرێت.
١٣- دەبێت تەندەرەکە مۆرو واژووی کۆمپانیای لەسەر بێت.
١٤- بەڵێندەر دەبێت ئەندازیاری کارەبایی بۆ پڕۆژەکە دابنێت تاوەکو پڕۆژەکە تەواو دەبێت .
١٥- وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە وەزارەتی کارەبا / ب. گرێبەستەکان دەبێت.
١٦- ئامادەبوونی نوێنەری کۆمپانیا لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان .
١٧- کرێ ی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە دەبێت کە بۆی دەردەچێت .
١٨- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیارکراو وەرناگرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
١٩- نرخی کرینی تەندەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزاردینار بە پێ ی پسولەیەك کە بۆی ناگەڕێتەوە.
٢٠- ئەگەر بەهەر هۆیەك ڕۆژی دیاریکراو بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر بووە پشوو ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی دوای ئەو بەرواڕە دەبێتە دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر .
٢١- دوارۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە ڕۆژی سێ شەممە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٦ دەبێت کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ.
هۆگر محمد فرج شالّی
بریکاری وەزارەت
* * *
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٤
ئاگانامە
داواکار/ ئاکام ارکان احمد
داوالێکراو/ نیگار جعفر محمد
ئاگادارت دەکەینەوە داواکار (ئاکام ارکان احمد) داوایەکی بەژمارە (٥٢٦٣/ش/٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت وە ئەم دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/٤/٤) بە پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەکی نێوان هەردولا. لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بریاریدا ئاگادارت بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە وە ئەگەر لەماوەی یاساییدا هەڵنەستیت بە تانە لێدانی یان پێداچوونەوەی (تەمیزی بریارەکە) ئەوا بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ سۆران عمر محوی
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٦٢٨ /ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٣
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراو (هلات خلیل عارف)جهێ ئاکنجیبوونا وی نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (مصلح یاسین قادر/ریفەبەر ڕێپێدایی کومپانیا ئاڤا وەلات زیدەباری کاری وی) ئەوا تێدا داوای قەرزی خۆ دکەت ژ کۆژمێ پارە (٨٢٨١٨٠٠) هەشت ملیون دووسەدو هەشت وئیك هزار هەشت سەد دینار ژ نەدانا قستی یەکا ژمارە (١١) ژ ئاڤاهیا (A1) پروژی لیلاڤ ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریفەبەریا ڕاگەهاندنا دادی ل دهوکی ژمارە (١٠٢٣) ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٤/٨ وراپورتا هەلبژێری تاخی نزارکی نوی ڕێکەفتی ٢٠١٩/٤/١ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠) ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠١٩/٧/٢٢ وئەگەر ئامادەنەبن یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێرین دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاساییێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٣/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/١
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهێنیت بفروتنا پشکا قەرزدار (وردیە یاقو مروکی) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (١ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لیسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٤١)دونم و(٤)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٧٢٠) سەهم
ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٤٥٣٧٠٠٠) پینجی وجوار مەلیون وپینجی سەد وسیە وحەفت هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/١
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهێنیت بفروتنا پشکا قەرزدار (مرقوز یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (١ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لیسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٤١)دونم و(٤)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٧٢٠) سەهم
ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٤٥٣٧٠٠٠) پینجی وجوار مەلیون وپینجی سەد وسیە وحەفت هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/١
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهێنیت بفروتنا پشکا قەرزدار (توما یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (١ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لیسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٤١)دونم و(٤)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٧٢٠) سەهم
ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٣٦٣٥٨٠٠٠) سیە وشەش مەلیون وسی سەد وپینجی وهەشت هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/١
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهێنیت بفروتنا پشکا قەرزدار (توما یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (١ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لیسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٤١)دونم و(٤)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٧٢٠) سەهم
ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٣٦٣٥٨٠٠٠) سیە وشەش مەلیون وسی سەد وپینجی وهەشت هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٢/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/١
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهێنیت بفروتنا پشکا قەرزدار (وردیە یاقو مروکی) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (١ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لیسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٤١)دونم و(٤)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٧٢٠) سەهم
ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٣٦٣٥٨٠٠٠) سیە وشەش مەلیون وسی سەد وپینجی وهەشت هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/١
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهێنیت بفروتنا پشکا قەرزدار (سرە یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (١ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لیسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٤١)دونم و(٤)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم
ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٣٦٣٥٨٠٠٠) سیە وشەش مەلیون وسی سەد وپینجی وهەشت هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٣/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/١
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهێنیت بفروتنا پشکا قەرزدار (مرقوز یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (١ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لیسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٤١)دونم و(٤)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم
ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٣٦٣٥٨٠٠٠) سیە وشەش مەلیون وسی سەد وپینجی وهەشت هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/١
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهێنیت بفروتنا پشکا قەرزدار (توما

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٧/٣
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (مصطفى ابراهيم محمد) لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆماەدکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- فلتەری هەوایی سەحبی هەوا بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٦٠.
٢- دوو سلندری هارینی ئارد بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٣٠*K.W٢.
٣- پێژینگ سختەری پێژینگ کردنی ئارد بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٤- مصعدی بەسەرخستنی ئارد بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠ بەرینە.
٥- قایش کۆنڤایەری گواستنەوەی گونیە ئارد
٦- سێ یڕلۆك بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.W٣*١.
٧- کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ١٣٤٤
ریکەوت : ٢٠١٩/٧/٣
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (احمد علی محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٥٢٧٨) داوای رێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك/گەرمیان
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە: ٨٥/ب/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٧/٤
زیادکردنی ئاشکرا (مزایدة علنیة)
بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری ئەم دادگایە ژمارە (٨٥/ب/٢٠١٨) لە (٢٠١٩/٦/١٠) کە تیایدا بڕیاردراوە بە بەنهێشتنی هاوبەشێتی مولکی ژمارە (٣/١٨٨) کەرتی ١٠٠ حەمە گەورە) بە فرۆشتن، بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی لە دوو ڕۆژنامەی ناخۆی ڕۆژانەوە ماوەی زیادکردنەوەکە کراوەیە بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی دەست پێدەکات، وە دادگا لە (٣٠) سیەمین ڕۆژ کاتژمێر (١٢) دوانزەی پاش نیوەڕۆ دەست دەکات بە زیادکردنەکە، جا هەر کەسێك تارەزوومەندە لەبەشداری کردنی دەبێت بڕی ١٠ ٪ دە لە سەدەی خەملێنراوی مولکی ناماژە پێکراوی سەرەوە کە دەکاتە (٩,٢٠٠,٠٠٠) (نۆ ملیۆن و دووسەدو هەزار دیناری عێراقی) لەگەڵ خۆی بهێنێت وەکو بارمتە جگە لەوانەی کە هاوبەشن یان خاوەن قەرزن و هاوبەشیان یان قەرزەکەیان بڕی (١٠٪) دە لە سەدی بارمتەکە تێپەڕ دەکات، چونکە ناوبراوان بەخشراون لە پێشکەشکردنی. وە ئەگەر زیادکردنەکە کەوتە ڕۆژی پشووی فەرمی ئەوە زیادکردنەکە دەکەوێتە ڕۆژی دواتر..... لەگەڵ ڕێزدا.
دادوەر/ حسن احمد عباس
ناونیشان پێکهاتەی خانوو مولکی ژمارە (٣/١٨٨ کەرتی ١٠٠ حەمە گەورە) ناونیشان (کەلار- شەهیدان، نزیك شاری یاری کەلار) روبەری (١٢,٥٠*٢٠=٢٥٠م٢) وە (١٠٠م٢) ی خانووی لەسەر کراوە و پێکهاتووە لە (دەروازە و ژووری میوان و ژوری ئاش بەست خانە و هۆڵی ناوخۆ و دوو ژووری نوستن و خۆشوشتن وە wc)
***
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە: ٩٠٥/ب/٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/٧/٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بریار سردار حمد سعید)
داواکار (فیصل غفور اسماعیل) داوای ژمارە (٩٠٥/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بە پێی اشعاری مختاری (گەرەکی منارە و کامەرانی شوقەکانی هانا ستی) لە (٢٠١٩/٦/١٧) بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٣٠) دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٢٢٤٧
ریکەوت: ٢٠١٩/٧/٣
ئاگاداری
بۆ/ جاسم عبدالرحمن محمد
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بڕیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە بەردەم ئەم دادگایە یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی ئەرکی ئەستۆت بەدانی بڕی (١,١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیار و سەد ملیۆن دینار.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه
***
دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە:١٧٦/ك/٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/٧/١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (نوزاد احمد صوفی)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی یاسایی (١٢٣) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (١٧٦/ك/٢٠١٩) بەپێی ماددەی (٤٥٦ ی س) لە سکالای دادخواز (محمد رمضان احمد) لە کاتژمێر (٩) لەبەروواری ٢٠١٩/٨/٢٥ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت بەرامبەر دادوەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین
***
دادگای کەتنی عنکاوە
ژمارە:٣٥٦/ك/٢٠١٧
ریکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (بیار جلال جبار)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بونت، پشت بەستن بەماددەی ٤٥٦/ج لەیاسای بنەمای دادگایی سزایی دادگاکەمان بریاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر ٩ی بەیانی ریکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٠ بۆ دادگای کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عنکاوە
ژمارە:٣٤/ك/٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٥
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (سامر طه حسین)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بونت، پشت بەستن بەماددەی ١٤٣/ج لەیاسای بنەمای دادگایی سزایی دادگاکەمان بریاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤١٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر ٩ی بەیانی ریکەوتی ٢٠١٩/٨/١٤ بۆ دادگای کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتن لە شەقلاوە
ژمارە: ٣٦/د/٢٠١٩
ریکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (ئارمند محمد مجید)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم دادگایە بریارید بەدادگایی کردنی بەشێوەیەکی پاشملە بەپێی ماددەی ٢٦٧ لەیاسای سزادان عیراقی بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری دەکەینەوە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی پێویستە لەسەری ئامادەبێت لەبەردەم ئەم دادگایە لەبەروواری ٢٠١٩/٨/١٨ بۆ دادگایی کردنی وە ئەگەر ڕۆژی دادگایی کردنەکە کەوتە پشوو ئەوە یەکەم ڕۆژی کارکردن دوای پشووەکە دەست نیشان دەکرێت بۆ دادگایی کردن ئەگەر ئامادە نەبن یاخود خۆی بەدەستەوە نەدەن بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس لەو کاتەدا کاری یاسایی دەرهەق بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ کەنار طاهر قادر
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Turvan) بۆ بازرگانی گشتی- فرۆشتنی پلیتی فرۆکە/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ الوند دلاوەر احمد

ناونیشان/ هەولێر- شۆرش

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٢٨٨٨٣٧

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٢٠٥٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (Turvan) بۆ بازرگانی گشتی- فرۆشتنی پلیتی فرۆکە/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Turvan) بۆ بازرگانی گشتی- فرۆشتنی پلیتی فرۆکە/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/١٦) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (١٧١٦٠) لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٤/٢٤ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (بلند صبری خالد) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (الوند دلاوەر احمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/١
پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٤٨٩٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ترویج) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

Request for Proposal (RFP)

Reinforcement of UNHCR Bartella Office

1. **Requirement:**
The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Iraq invites qualified suppliers and manufacturers to make a firm offer for Reinforcement of UNHCR Bartella Office

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents Available at the UNGM Link below
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/293	Reinforcement of UNHCR Bartella Office	https://www.ungm.org/UNUser/Notice/93256 The RFP Documents can also be requested by sending an email to irqbasup@unhcr.org. Please insert HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/293 in the subject heading

2. **IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:**

DATE AND TIME (Baghdad Time, Iraq)	ACTION REQUIRED
4 July 2019	Issuance of the tender notice
25 July 2019	Closing date for clarifications
3 August 2019, 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq	Deadline to submit your complete offer for this RFP

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

تجديد مكتب المفوضية السامية لشؤون اللاجئين في برطلة - موص

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لتجديد مكتب المفوضية السامية لشؤون اللاجئين في برطلة - موصل

رقم العطاء	تفاصيل المادة	مكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
93HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/2	تجديد مكتب المفوضية السامية لشؤون اللاجئين في برطلة - موصل	https://www.ungm.org/UNUser/Notice/93256 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب 93HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/2

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	25 تموز 2019 الساعة 23:59 توقيت بغداد
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	03 اب 2019 الساعة 23:59

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/7/7 ژمارە (5783)

هەرێم و ناوەند لەنێوان دەسەڵات و پابەندێتیی (پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان وەک نموونە)





بەهزاد حەویزی

هەرێمی کوردستان-عێراق، ئەزموونێکی نوێ و جودایە لە رووی حوکمڕانیەتی دوای زنجیرەیەک تێکۆشان و قوربانیدان هاتەئاراوە، پاش(2003)و رووخانی رژێمی بەعس، عێراق کەوتە قۆناغێکی دیکەوە، دەوڵەتێکی ئیتیحادی فیدراڵی بەیان کرا، ئیدی لەو کاتەوە مامەڵەی نێوان هەرێمی کوردستان و ناوەند بەپێ دەستوورێکی نوێ(2005)دارێژرا.لەو سۆنگەیەوە گرنگی ئەو بابەتە لەوەدایە، پێکهاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵی کۆن و نوێ لەسایەی جیهانبینی رۆڵی جیا لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە و لەسەر ئاستی جیاجیادا لەرووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەبینن.

1

لەو سەردەمە و قۆناغەدا رۆئیا و ئاراستەی کۆن و تەقلیدی گۆڕاوە، ئەمڕۆ ئەو یەکە پێکهاتەییانەی دەوڵەتی فیدراڵی رۆڵیان هەیە لە کاروچالاکی نێودەوڵەتی و ئەندامی هاوبەشن لە سەر ئاستەکانی حوکمڕانی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی یەکەکانی نێو دەوڵەتی فیدراڵی(ویلایەت، هەرێم، کانتۆن، کۆمار). دەسەڵاتی مۆرکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان و گرنگیی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند پرسێکی زۆر هەستیاروگرنگە و دەوەستێتە سەر ماددەکانی دەستوور و چۆنیەتی دابەشکردن و پێدانی ئەو دەسەڵاتە لە نێوان ناوەند و هەرێمەکان لەرووی چەندین کاروبار و بواردا لەوانەش: ئابووری و کۆمەڵایەتی. بەپێی ریسای بڕیار لەسەر دراوی یاسای گشتی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ئەنجامدانی پەیماننامە لە دەوڵەتاندا، ئەو پرسە بۆ ریسا دەستوورییەکانی هەر دەوڵەتێک جێدێڵێ، جا چ دەوڵەتی سادە بێ یا ئیتیحادی، لەبەرئەوە دەستوورەکان دەوریکی گرنگ دەبینن لە بەیانکردنی سروشتی ئیختیساساتی نێودەوڵەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پیادەکردنی لەژێر کاریگەری یا بەپێی هۆکارە نێوخۆیی و دەوڵەکان. لە هەندە دەستووری ئیتیحادی دا هاتووە: حکوومەتی ناوەند مافی رەهای سەرپەرشتی کردنی ئەو پەیوەندیە نێودەوڵەتیانەی هەیە لەوانەش مۆرکردنی پەیماننامە بەمەش ئەو ئاراستەیە دەسەڵاتەکان تەنیا دەخاتە بەر دەستی حکومەتی ئیتیحادی لەرووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و ئەندامیەتی لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و مافی مۆرکردنی پەیماننامەکان و ئاڵوێری نوێنەرایەتی دیپلۆماسی،..تد.، هێندێک دەستووری دیکەش مافی مۆرکردنی هەندە پەیماننامەی نێودەوڵەتی بە هەرێمەکان دەدەن.لە دەستووری عێراقی ساڵی(2005)دا بڕگەی یەکەم لە ماددەی(110)دەسەڵاتی ڕەسەکردنی سیاستەتی دەرەوەونوێنەرایەتی دیپلۆماسیەت و دانوستانی سەبارەت بە پەیماننامە و رێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی قەرزکاری و مۆرکردنیانی داوتە دەست دەسەڵاتی ئیتیحادی لە نێوان ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی وەزیران.ئاراستەیەکی دیکە پێی وایە -وەک ئامارژم پێدا-جیهانبینی و چەندە هۆکاری دیکە وایانکردووە یەکەوحکوومەتە لۆکاڵیەکان(هەرێم)ی حکوومەتی ئیتیحادی یاریکەری سەر شانۆی نێودەوڵەتی بن بەتایبەت لەسایەی بەرفراوانبوونی جوغزی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان ئیتر کارەکە تەنیا رێککستنی پەیوندیە سیاسی و بازرگانیەکان نییە، بەڵکە پرسی دیکەشە لەوانە: سیستەم و رێساکانی کاروبیمەی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و پەیوەندیە رۆشنبیریی و ئابووری و هونەریەکانیش، لە زۆربەی دەستوورە ئیتیحادیەکان ئەو پرسانە لە دەسەڵاتی هەرێمەکانە.بەبێ ئەو دەسەڵات و مافانە هەرێمەکان هەمو مەغزا و مانای بوونیان لەدەست دەدەن جا لەبەرئەوە پسپۆرو فوقەهاکان پێیان پەسەند بوو سەربەخۆیی نێوخۆیی هەرێمەکان بپارێزرێ، لەو خاڵەوەشەوەیە گرنگی سازان لەنێوان پێداویستیە نێودەوڵەتی و دەستووریەکان لەکاتی رێکخستنی پەیوندی نێوان دەسەڵاتەکانی ئیتیحادی و هەرێمەکان سەبارەت بە مۆرکردنی پەیماننامەکان و هەر ئەو سازانەشە یەکیەتی بڕیار دەستەبەر دەکات لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەوڵی و وتوویژی ئاڵووگۆڕانەی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە.بۆ نموونە لە دەستووری کەنەدا دەسەڵاتی هەرێمەکان بەرفراوان کراوە لە بواری دەوڵی داو نووسینگەی نوێنەرایەتی هەرێمی کیوبیک لە(25)دەوڵەت هەیە، وەزارەتی پەیوندیە دەوڵیەکان هەڵیدەسوڕێنێ و بە سەدان رێککەوتنیشی لەگەڵ دەوڵەتان مۆر کردووە. دەسەڵاتی ناوەند و هەرێم دەبێ بەپێی دەستوور رێکبخرێ، هەروەها ئەو پرۆسەیە دەوەستێتە سەر ئەو سیستەمە سیاسیەی ئەو دەوڵەتە تاچەند سیستەمێکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو و دامەزراوەییە لەرووی یاساو دەستوور و پیادەکردنیان، هەروەها یاسای دەوڵی هاوچەرخیش کاریگەری زۆری هەیە بۆ سەر دەستوورە نیشتیمانیەکان بۆ راوێژکاریی یا سازان لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە و پێشێل نەکردنی مافی هەرێمەکان.لێرەدا گرنگە پێوەری ئەو گونجانە و ئەو دابەشکردنی ئەو دەسەڵاتانە، بۆیە ئاراستەیەک پێی وایە دەسەڵاتی ناوەند سنورداربکرێ وەک زەمانەت، بەجۆرێک جێبەجێکردنی ئەو پەیماننامانە لە نێو هەرێمەکان بە تەشریعاتی ئیتیحادی یا لۆکاڵی بێ و پێویستی بە یاسایەکی تایبەت بێ بۆ جێبەجێکردنی، هەندە دەستووریش وەک ئەوەی ئەمریکا راستەوخۆ پەیماننامە جێبەجێ دەکرێ بەبێ یاسایەکی تایبەت.

سەبارەت بە پەیماننامەی سیاسی ئەوە ئەستەمە لەیاسای دەستووری ئیتیحادی رێی بێ بدرێ، بەڵام لەرووی ناسیاسی رێپێدراوە بەو مەرجەی لەگەڵ ماف و دەسەڵاتی دەستووری هەرێمەکانی دیکە یا لەگەڵ ئەو پەیماننامانەی حکوومەتی ئیتحادی مۆری دەکات ناکۆک نەبێ، هەروەها لەگەڵ دەستووری ئیتیحادی و یاسا ئیتیحادیەکان.پرۆژەکەی رێککەوتنی ڤییەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان بۆ ساڵی(1969)لەبڕگەی دووەم داهاتووە پەیوەست بە ئەهلیەتی ئەندامان لە ئیتیحادی فیدراڵی دەتوانن پەیماننامەی دەولی مۆربکەن لە حاڵەتێک بەپێی دەقێکی دەستووری ئیتیحادی و لەو سنووردی لە دەستوور دا هاتووە، گەرچی ئەو رێککەوتنە لە دوا-سیغەی-دا ئەو دەقەی بەخۆوە نەگرتووە.جا لێرەدا دوو روئیا و ئاراستەی فوقەها هەیە سەبارەت بەوەی داخوا هەرێمەکان دەسەڵاتی مۆرکردنی پەیماننامەوجێبەجێکردنیان هەیە.یەکەمیان پێی وایە ئەو هەرێمانە شەخسیەی دەوڵیان هەیە واتە ئەهلیەی وەرگرتنی ماف و وەئەستۆگرتنی پابەندێتیی بەپێی یاسای نێو دەوڵەتی، ئاراستەیەکی دیکەش پێی وایە دەسەڵاتی مۆرکردنی پەیماننامەی دەولی تەنیا لە دەستووری ئیتیحادیەوە سەرچاوە دەگرێ.



مانشێت



سکای نیوز:
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 7.1پلە لە باشووری کالیفۆرنیا رووبدا ، بە گوێرەی زانیاریەکان بومەلەرزەکە زیانی ماددی گەورەی لێکەوتۆتەوە و ژمارەیەک خەڵکیش بریندار بوون .



ئاسۆشێتد پریس:
ئەمێنداری گشتی ناتۆ رایگەیاند کە ڕووسیا رازی نیە ئەو مووشەکە تازانە لەناو ببات کە بە چەند ناوچەیەکی ئەورووپادا بڵاویکردوونەتەوە ، ئەمەش پێشێلکردنی پەیماننامەی سالی 1987ە .



رۆژنامەی ئەلحەیات:
تاران داوای ئازادکردنی ئەو کەشتیە نەوتهەڵگرەی کرد کە لە کەناراوەکانی جەبەل تاریق دەستبەسەر کراوە ئەگینا ئەویش دەست بەسەر کەشتی بەریتانیدا دەگرێ .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بە تۆمەتی چوون بۆ نێو ریزەکانی داعش لە سووریا ، دادگایەکی شاری میونخی ئەڵمانیا سزای 5ساڵ بەندکردنی بەسەر ئافرەتێکی ئەڵمانیدا سەپاند.



ئەی ئێف پی:
ئەڵمانیا و پۆڵەندا هانی وڵاتانی رۆژئاوای بەلقانیان دا بۆ ئەوەی بێن بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا .



کەنالی ئار تی:
فڕۆکەخانەی فرانکفۆرتی ئەڵمانی رایگەیاند بەهۆی هەوڵدان بۆ پوچەڵکردنەوەی بۆمبێکی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان گەشتەکانی رۆژی یەکشەمە دوا دەخرێن .

لەتەمەنی(35) ساڵی دەستی کردووە بەنووسین و خاوەنی(27) کتێبە

مەلا حەیدەر بندیان نووسەر و لێکۆڵەر: گرنگە لایەنە سیاسیەکان بگەڕێنەوە سەر ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئەوەی هیچی دیکە ئەم گەلە ئاوهانەمێنێتەوە و بەمافەکانی خۆی بگات

دیانە/ بەرهەم شێخ عزەدین

نووسەر و لێکۆڵەرەوە مەلاحەیدەر بندیان لەساڵی 1965لەدایک بووە وخاوەنی بڕوانامەی دبلۆمە لەبەشی وتاردان،لەتەمەنی(35)ساڵی دەستی کردووە بەنووسین و خاوەنی(27) کتێبە ، تاکو ئێستا توانیویەتی(8)کتێب لەسەرئەرکی خۆی بەچاپ بگەیەنێت.کتێبەکانی لەبوارەکانی: (تێگەیشتن لەئایین ئیسلام،کوردایەتی و ڕۆڵی سەرکردە سیاسییەکان، ئابووری، شیعر لەسەر سەربەخۆی کوردستان، کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوە لەئەنفال، چەند بوارێکی دیکە) ، نووسەر لەساڵی 1987 لەسەرهەڵوێیستی کوردایەتی لەلایەن رژێمی بەعس زیندانی دەکرێیت و فەرمانی لەسێدارەدانی بۆدەردەچێت، لەزۆربەی نووسینەکانی زاڵبوونی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەری بەدی دەکرێت،لە ساڵی 2019 دووکتێبی بەچاپ گەیاندووە،لەچەندین ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراو میدیای دیکە وتار و بابەتی هەبووە،لەدیانەیەکی کورت مەلاحەیدەر بندیان دەربارەی دنیای نووسین و خوێندنەوە بەم جۆرە بۆ خەبات دوا:


نووسەر لەگەڵ پەیامنێری «خەبات»


بەشێک لە کتێبەکانی نووسەر


نووسەر مەلا حەیدەر

خستنە ڕووی مەزڵومیەتی گەلەکەم

نووسەر:وەڵامی ئەو پرسیارانەی هەیەتی لەگەڵ خۆی ببیاتە ژێرگڵ دەبێیت بیگەیەنێتە خەڵک بۆئەوەی سودی لێ وەربگرن،هەروەها دەمەوێت لەڕێی نووسینەکانم مەزڵومیەتی میلەتەکەم بخەمە ڕوو ،هەروەها بەشێکی دیکەش داکۆکی کردنە لە مافەڕەواکانی گەلەکەم.

مەلامستەفا لەدیدی نووسەرەوە

مەلاحەیدەر بندیان کەزۆری لێکۆڵینەوە لەسەرمێژووی کورد کردوە وبەدوای هۆکارەکانی بەرەو پێش نەچوونی خێرای ئەم گەلەخێرنەدیوە گەڕاوە وەک خۆی دەڵێت بۆم دەرکەوتووە هەموو هۆکارەکەی یەک نەبوون وخۆخۆڕی بووە ،تاکەسەرکردە کەبەدڵ سۆزی و خەم خۆری بێجیاوازی و بەیەکسانی کاری بۆسەرجەم تاکەکانی کوەرد کردوە خوالێ خۆش بوو جەنابی مەلا مستەفابارزانی بووە ،کەئەمەش لەئایینی ئیسلامی پیرۆزە وە سەرچاوەی گرتبوو ،بۆیە گرنگە هەموسەرکردەکان ولایەنە سیاسیەکان بگەڕێنەوە سەرڕێبازی ئەوسەرکردە خۆنەویستە بۆئەوەی هیچی دیکە ئەم گەلە ئاوهانەمێنێتەوە و بەمافەکانی خۆی بگات،لەئێستاشدا تەنها سەرکردەیەک بتوانێت ئەوکارەبکات و هەموان لەژێر یەک چەتر کۆبکاتەوە و کورد بگەیەنێتە بەئامانج جەنابی کاک مەسعود بارزانیە.

نووسەر و پێشمەرگە

نووسەر زۆری لێکۆڵینەوە لەسە ربوارى سەربازی کردوە و دەڵێت شەڕی پێشوو جیاواز بوو لەئێستا ،بەڵام بۆئەوەی پێشمەرگەسەرکەوتوبن دەبێت پشت بەخوا ببەستن ئینجا بگەڕێنەوە بۆسەر ڕێباز و شێوازی شەڕکردنی مەلامستەفای بارزانی،چوونکە ئەوان قوتابی ئەو پیاوە مەزنەن،هەروەها من زۆر بوارم بۆبڕا پێشمەرگەکانمان ڕوون کردۆتەوە لەکاتی جەنگ لەڕووی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە کەچی بکەن وچون لەپاڵ ئەرکی پیرۆزی بەرگری چۆن ئەرکە ئاینییەکانیش بەجێ بگەیەنن.

خوێندنەوە پاداشتی خێری هەیە

لە دوماهیدا مەلاحەیدەر بندیان گوتی: لەئاینی ئیسلام خۆپڕچەک کردن بەزانست گرنگە و مروف هاندەدرێت کە هەمیشە بەدوای زانست بگەڕێت،لەوسۆنگەیەوەیە خوێندنەوە پاداشتی هەیە ،بۆیە دەبێت زۆربخوێنینەوە و لەخوێندنەوە دانەبڕێین

دەمەوێت لەڕێی نووسینەکانم مەزڵومیەتی میلەتەکەم بخەمە ڕوو

حەسودەکان واز لە هەیفا وەهبی ناهێنن

گۆرانیبێژو هونەرمەندی شۆخی لوبنانی هەیفا وەهبی لەدوای لێدوانی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لەدوای مانگی ڕەمەزان دووچاری نەخۆشی بۆتەوەو ماوەیەکیش ناچاری کردووە کە لە دنیای هونەر دوور بکەوێتەوە ، بەڵام ئێستا دۆخی تەندوروستی جێگیر بۆتەوە ، بەگوێرەی هەواڵێکی گۆڤاری هونەری لەیالینا ، هەیفا وەهبی چەندین وێنەی تایبەتی خۆی لە سناب شات بڵاوکردۆتەوەو ئاماژەی بەوەش کردووە کە حەسودەکان لەکۆڵم نابنەوەو بەردەوام چاویان لەسەرمە. بریارە 11ی ئەم مانگە هەیفا وەهبی ئاهەنگێکی جەماوەری لە وڵاتی میسر سازبدات و بەرهەمی نوێ پێشکەشی هەوادارانی خۆی بکات.

1917ساڵی بەفەرمی گەیاندنی کارەبا بۆ نێوماڵی ئێراقییەکانە

خەبات سەربەست برزۆ

لە ساڵی 1917وبۆ یەکەم جار کارەبا هێنرایە عێراقەوە و ئەویش لە شاری بەغدا دانرا لە خانێک کە ناوی (خان دلە) بوو . یەکەمجار کە کارەبا هێنرایە گەڕەکەکانی بەغداوە لە ڕێگەی مودلیدەی دیزڵی 220ڤۆڵتەوە بووە و ئەویش لە ڕێگای هێڵی DC، و دواتر بەو شێوەیە برایە زۆربەی گەڕەکەکانی بەغداوە ، لەوانە ناوچەی سەرای حکومەت و قشڵە و شەریعەی مەجیدییە ، کارەبا لەوێوە درایە ئەو نەخۆشخانانەی کە باب ئەلموعەزەم بون و ، هەروەها سەربازگەی هێندی و سەربازگەی ڕەشید . یەکەم شەقام لە بەغدا شەقامی ڕەشید بووە کە ڕۆشن بووەتەوە و کارەبای بۆ براوە . لە ساڵی 1918ڕێژەی داخواز لەسەر کارەبا زۆر بووەو لەلایەن هاوڵاتیانەوە و ، لەدوای ئەو بەروارەوە سێ یەکەی مەکینەی بوخاری 3?3ک ث دانرا لە وێستگەی قاتەرخانە و ، ئەوکات هێڵەکانی کارەبا لەژێر خاکەوە دەگەیەنرایەو ئەو شوێنانە کە کارەبایان بۆ دەبرا و دواتر کرایە تەل و عامود . لە ساڵی 1927کارەبا لە ڕێگای عامودەوە برایە شەقامی جعێفەر و ناوچەی عەلاوی حلە ، لە ساڵی 1928کۆمپانیای تەنویر و وزەی کارەبایی سنوردار کارەبای دابەشکرد ، لە ساڵی 1931کۆمپانیای ناوبراو دەستی کرد بە دانانی هەردوو وێستگەی سەرافیەی یەک و دوو کە وێستگەی بوخاری بون (BROWN - BOVRI) کە وڵاتی سویسرا دروستی کردبو و ، توانای هەریەک لەو دوو وێستگەیە 2?5میگاوات بووە و ، هەردو وێستگەکە لە 1ی ئایاری 1933بەگەڕ خران . لە ساڵی 1937وێستگەی سێیەم خرایەگەڕ کە ئینگلیزی بو (parcon) کە توانای 5میگاواتی هەبو ، جواردم وێستگەش دیسان کۆمپانیای سویسری (BROWN - BOVERI)توانای(60) میگاواتی بووە ، وێستگەی چواردم و پێنجەم وێستگەش کۆمپانیای(parson) ئینگلیزی داینا کە توانای 12، 5میگاوات بوو ، هەر هەمان کۆمپانیا شەشەم و حەوتەم وێشتگەیان هێنایە عێراقە کە توانای 5،12 میگاوات بووە کە لە ساڵی 1950دەست بە دانانی کراوە و لە ساڵی 1952خراوەتەکار لە بەغدا .شەقامەکانی بەغدا لە پێش ئەو بەروارانەوە روناکیی یاخود ڕۆشنایی تێدا هەبووە بەشەوان ئەویش لە ڕێگای (فانۆس)ی گەورە گەورەوە بووە کە لەسەر فەرمانی والی عوسمانی بەغدا عەبدولڕەحمان بووە لە ساڵی 1889کە هەندێک لە شەقام و دوکانەکانی کەرتی ڕەسافەی ڕۆشنا کردەوە و ، دواتر لە ساڵی 1908 بۆسەرجەم شەقامە گشتییەکانی بەغدا فانۆس دانرا کە سەرجەمیان بەنەوت کاری دەکرد .لە ساڵی 1910 1911-ش لە ڕێگای مولیدەوە کارەبا دراوەتە تەرمسوای بەغدا کازمییە بەڵام هەر بۆ ئەو شوێنە بووە .یەکێک لە بازرگانەکانی بەغدا کۆمپانیایەکی دامەزراند بۆ ئەوەی پڕۆژەی کارەبا بهێنێتە بەغداوە لە ساڵی 1914بەڵام ئەو پڕۆژەیە لەکارکەوت بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانەوە .ساڵی 1921سوپای بریتانیا لەوە گەشتن کە دەبێ پەلە بکەن دانانی کارەبا چونکە ئەوکات سوپای بریتانیا لە عێراق پێویستی پێ بووە بۆ ڕووە ئەمنییەکەی زیاتر کە سەربازگەکانیان روناک بکەنەو ، ئەوەبو چەندین مولیدەی بوخارییان هێنا کە هێزی هەریەک لەو مولیدە بوخاربیانە 300 ئەسپ بووە .ساڵی 1928کۆمپانیای تەنویر و هێزی کارەبایی سنوردار ، کارەبای بردە چەندین گەڕەک و فەرمانگەی حکومی و بۆ هەر یەکەیەک حکومەت 28فلس یان وەردەگرد .





کەمی ڤیتامین (دی) و کاریگەری لەسەر منداڵ



دکتۆر کامەران ڕەسوڵ ژاژەیی پسپۆڕی زانستی خۆراک و نەشتەرگەری گشتی لەلایەڕەی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەڤیدیۆیەک باس لەکەمی ڤیتامین دی لەمنداڵ دەکات و بەم جۆرەی خوارەوە لێی دەدوێت لێرە بەکورتی ئامەژبەهەندێکی دەدەین: ڤیتامین D بە یەکێک لە ڤیتامینە سەرەکیەکان دادەنرێت بۆ گەشە کردن و تەندروستی منداڵان لە هەموو تەمەنەکان : بە داخەوە ژمارەی ئەو منداڵ و میردمندالانەی کە دووجاری کێشەی کەمی ڤیتامین دی بوون بە ڕێژەی ترسناک بەرز بۆتەوە لە کوردستان و جیهان دا.

هۆکارەکانی کەمی ڤیتامین D

هۆکاری سەرەکی کەمی ڤیتامین دی بریتیە لە نەچوونە بەر تیشکی خۆر بۆ ماوەی پێویست بەهۆی :

زیاد بوونی ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە شوقە دا نیشتەجێ بوون یان مالەکانیان حەوشە و باخیان نیە ، منالان لە زۆربەی وەرزەکانی ساڵ جل و بەرگێکی زۆریان لەبەر دایە و لەشیان داپۆشراوە ، نەچوونی دایکان و باوکان بۆ بەر هەتاو بە پاساوی هەمەجۆر و کەمتەرخەمیەوە ، نەبوونی بڕی پێویست لە ڤیتامین دی لە خواردن دا : ئەو خۆراکانەی دەوڵەمەندن بە ڤیتامین (D چەند جۆرێکی دیاریکراوە ، بەڵام بڕی زۆر کەمتر لە پێداویستی ڕۆژانەی مرۆڤ دابین دەکات ، پێدانی شیری دایک بە منداڵی ساوا بۆ ماوەیەکی زۆر بێ خۆراکی دیکە یان قەترەی ڤیتامین دی بە تایبەت کاتێک دایکەکە خۆی ڤیتامین دی کەم بێت،هەندێ نەخۆشی دڕێژخایەنی جگەر و گورچیلە .


نیشانەکانی کەمی ڤیتامین (D)

نەخۆشی ئێسکە نەرمە (کساح) لە منالان دا کە دەبێتە هۆکاری شێوانی شێوە ئێسقان و باریکی ئێسک ،

کورتی بالا ، دڕەنگ پێ گرتن و ددان هاتن ، ئازاری گەشە و ئێسقان و بێهێزی و ئازاری ماسولکەکان ،

زیاد بوونی ئەگەری شکاوی لە ئەنجامی ڕووداوی ساده ، زیاد بوونی ئەگەری تووشبوون بە ڕەبۆ ،بێهێزی و وەرینی قژ.

ئا :وریشە عومەر



ئەمشەو لە یاریی کۆتایی کوپا ئەمریکای 2019

بەرازیل بەترسەوە، پیرۆش بۆ تۆڵەسەندنەوە و تۆمارکردنی سەرەوری رووبەڕووی یەک دەبنەوە



ڕاپۆرت: هاوار مورتکەیی

پاڵەوانێتی: کوپا ئەمریکا 2019
یاری: بەرازیل -پیرۆ
کات: 11ی شەو بەکاتی هەولێر
ناوبژیوان: رۆبرتۆ تۆبار لەچیلی
یاریگا: ماراکانا
هاندەران: 75هەزار کورسی

هەر جارێک بەرازیل میوانداری پاڵەوانێتی کوپا ئەمریکای کردبێت، ئەوا نازناوەکەی بردۆتەوە، ئەمجارەش بەنیازە پارێزگاری لەوە بکات و یەکەمین نازناو دوای سالی 2007بەدست بهێنێتەوە، کاتێک ئەمشەو لە یاری کۆتایی و لە یاریگای ماراکانا میوانداری پیرۆ دەکات.

دۆڕانی بەرازیل لەو یارییەدا واتە ئەو هاوکێشەیە دەدۆڕێنێت و داهاتووی تیتی ڕاهێنەر دەکەوێتە مەترسییەوە ئەگەرچی یەکێتی ئەو ولاتە رایگەیاند کە دوای ئەو پاڵەوانێتییەش تیتی هەر بەردەوام دەبێت، هەڵبژاردەی بەرازیل بەبێ نایاریش تا ئێستا بەبەهێزترین هەڵبژاردە دەرکەوتووە و 10گۆڵی کردووە و لەدوا 5یاریپدا هیچ گۆڵی لێنەکراوە، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، هەڵبژاردەی پیرۆ ئەرکی سامپای ئاسان کردووە کاتێک هەڵبژاردەی چیلی کردە دەرەوە.

هەمووان پێیان وایە کە هەڵبژاردەی بەرازیل زیاتر لە پیرۆ پالاوترە بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە، بەڵام لێرە مێژوو ئەوە بە بیر بەرازیلی یە کا

ن دینێتەوە کە لە کۆتایی کوپای 1950 بەهەمان شێوەی ئێستا بەرازیل گەشبین و پالێوراوتر بوو بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە کەچی ئۆرگوای لێی بردەوە.

لەولاشەوە دوای بردنەوەکەی بەسەر چیلی و وەدەرنانی پالێوراوێکی بەهێزی ئەم کوپایە، هەڵبژاردەی پیرۆ هاوشانی بەرازیل بووە پالێوراوێکی ئەم نازناوە و بۆچوونەکان پێیان وایە پیرۆ بەهەمان شێوەی یاریەکەی پێشوویان، لە هەڵبژاردەی بەرازیل بەبەنەوە، بەتایبەتیش ئەو بڕوایەی کە لای یاریزانەکان دروستە بووە و دەرفەتێکی باشە سەروەریەک تۆمار بکەن کە لە سالی 1975وە نەگەیشتۆتە یاریی کۆتایی.

ڕاهێنەری بەرازیل: بڕوای زۆرم بە یاریزانەکان هەیە

لیۆناردۆ باتچی (تیتی) ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل سەیارەت بە یاریەکەی ئەمشەویان بەرامبەر پیرۆ لە کۆتایی کوپا ئەمریکای 2019دووپاتی کردەوە کە بروایەکی زۆری بە یاریزانەکان هەیە کە نازناوەکە بەرزبکەنەوە.

تیتی دەڵێت: نابێ بەکەم سەیری بەرامبەرەکەمان بکەین، چونکە پیرۆ لە یاری ڕابردوویان هەڵبژاردەی چیلیان کردە دەرەوە، یاریەکە بەوشێوەیە ئاسان نییە کە هەندێک یاریەکەی گروپەکەمان دەکەنە پیوەر و پێیان وایە بەئاسانی لێیان دەبەینەوە، نەخێر ئەمە پێوەریکی راست نییە، یاری کۆتایی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە ئێمە بڕوایەکی تەواومان بە یاریزانەکان هەیە کە بتوانن یاریەیەک پێشکەش بکەن کە شایستەی بەرزکردنەوەی نازناوەکە بێن.

گالیزی: یاریەکەی ئەمشەو زۆر خۆش دەبێت

پیدرۆ گالیزی گۆڵچی هەڵبژاردەی پیرۆ سەبارەت بە یاریەکەی ئەمشەویان گوتی: ڕووبەڕووبونەوەی هەڵبژاردەی بەرازیل لە کۆتایی کوپا ئەمریکا وەکو خەونێکە، و ئەم کۆتاییە ڕووداوێکی زۆر گرنگ و خۆش دەبێت لە چیانم و خۆشحالم کە لەگەڵ هەڵبژاردەکەمان گەیشتینە یاری کۆتایی.

جێی باسە گالیزی لە یاریەکەی چیلی ئاستێکی بەرزی نیشاندا و ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە سەرکەوتنی پیرۆ بۆ یاری کۆتایی بۆ یەکەمین جار دوای سالی 1975و هەر بۆیەشە لەو یاریەدا بە باشترین یاریزان دەستنیشانکرا

ساندرۆ: پیرۆی ئەمڕۆ پیرۆی دوێنێ نییە

ئەلیکس ساندرۆی یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل دووپاتی کردەوە کە ئاستی هەڵبژاردەی پیرۆ لەدوای دۆرانەکەیان 5-0بەرامبەر بەرازیل زۆر بەرزبۆتەوە و پیرۆی ئێستا زۆر جیاوازترە لەو پیرۆیەی لە گروپەکان بە ئیمە دۆرا.ساندرۆ دەڵێت: ناتوانیت بڵێین هیچ کام لە بەرازیل یان پیرۆ خاوەنی زۆرترین بەختت بۆ بردنەوەی نازناوی کوپا ئەمریکا، گەیشتنی هەردوولا بۆ یاری کۆتایی دەسکەوتیکی گەورەیە، هەروەها گوتی: ناتوانین یەڵێین کە بەرازیل زۆر نزیکترە بۆ بەدەستهێنانی جامەکە چونکە لەناو یاریگا بەردەم جەماوەری یاری دەکات، پیرۆش هەمان خەونی ئێمەی هەیە و بۆ ئەوە هەوڵ دەدات و هیچی نییە بیدۆڕێنێت، گەیشتنی ئەوان بۆ ئەم قۆناغە هیچی کەمتر نییە لە بەدەستهێنانی نازناوەکە.

ئەمشەو 4یاریزان یاری ناکەن

هەڵبژاردەی بۆ ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە بە دابڕانی 4یاریزان خۆی ئامادەکرد ئەویش بە هۆی پێکانەوە.

ئەو یاریزانانەی کە ناتوانن لەم کۆتاییەدا یاوەری هەڵبژاردەی بەرازیل بکەن بریتین لە ئەلیسۆن بیکەری گۆڵچی، فیرناندینۆ، فیلیپی لویس و ویلیان، چونکە ئەمانە پێکانیان هەیە و نەیانتوانی بەشداری دوا یەکە مەشقەکانی بەرازیل بکەن کە لە دووری 98کیلۆمەتر لە ریۆدی جانیرۆ و دوور لە میدیاکان مەشقیان ئەنجام دا.

تۆبار یارییەکەی ئەمشەو بەڕێوەدەبات

یاری کۆتای ژمارە 46ی کوپا ئەمریکای 2019کە لەنێوان بەرازیل و پیرۆ، لەلایەن ڕۆبرتۆ تۆباری ناوبژیوانی چیلی لەسەر یاریگای ماراکانای بەناوبانگ بەڕێوەدەچێت.

تۆباری تەمەن 41ساڵ کە لە سالی 2011دەوە بڕوانامەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی وەرگرتووە، لە بڕێوەبردنی ئەم کۆتاییەدا هەریەک لە کریستیان شیمان و کلاودیۆ ریۆسی هاونیشتمانی یارمەتیدەری دەبن، لەولاشەوە جۆلیۆ باسکۆنیان بەرپرسیارێتی ڤاری پێ دەسپێردرێت.

جێی باسە تۆبار یاری گەڕانەوەی کۆتایی جامی لیبەرتادۆریسی 2018ی بەڕێوەبرد هەروەها یاری گەڕانەوەی کۆتای جامی کوپا ئەمریکانۆ لەهەمان ساڵ، لەگەڵ یاری جامی سوپەری ئەمریکای باشوور.

هێرشبەرەکەی پیرۆ هەڕەشە لە بەڕازیل دەکات

پاولۆ جیریرۆی هێرشبەری هەڵبژاردەی پیرۆ سەبارەت بە یاری کۆتایی کوپا ئەمریکا بەرامبەر هەڵبژاردەی بەرازیل گوتی: شانازی بە هاوڕیکانم دەکەم، ئامانجەکەمان پێکا و گەیشتینە یاریی کۆتایی. دەمانەوێ مێژوو تۆماربکەین، ڕاستە هەمووان دەڵێن بەرازیل پالێوراوی یەکەمە بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە، بەڵام کە دەچیتە ناو یاریگا ناوێک نییە بەناوی پالێوراو.

ڕاهێنەری پیرۆ: جگە لەبردنەوە لە بەرازیل هیچی ترمان نییە

ریکاردۆ جاریکای ڕاهێنەری هەڵبژاردەی پیرۆ سەبارەت بەیاری کۆتایی ئەمشەویان لە کوپا ئەمریکا دەڵێت: کاتێک گەیشتینە یاری کۆتایی، جگە لە بردنەوە لە هەڵبژاردەی بەرازیل هیچی دیکەمان نییە.

هەروەها دەڵێت: بەلەبر چاەگرتنی زەحمەتیی یاریبەکەمان کە بەرامبەر باشترین هەڵبژاردەی جیهان یاری دەکەین، بەڵام کۆتاییەکان هەمیشە سروشتیکی جیاوازیان هەیە، لەگەڵ ڕێزمان بۆ بەرامبەرەکەمان بەڵام جگە لەبردنەوە هیچی تر لە میشکمان نییە، بڕوای تەوام بە یاریزانەکانمان هەیە چونکە بە شایستەیی گەیشتنە یاری کۆتایی.

سەرۆکی پیرۆ: ئامادەین لە بەڕازیل ببەینەوە

مارتین ڤیزکارای سەرۆکی وڵاتی پیرۆ پیرۆزبایی لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی دەکات کە گەیشتنە یاری کۆتایی کوپا ئەمریکای 2019.

ڤیزکارا لە ئەکاونتی خۆی لە تویتەر پۆستیکی کردووە و نوسیویەتی: وەکو هاندەرێک قسەدەکەم، زۆر بەختەوەرین بە گەیشتنمان بۆ کۆتایی کوپا ئەمریکا، سەرکەوتنیکی مەزن بوو، یاللا پیرۆ.. هەمیشە بۆ پێشەوە، هەروەها لە پۆستەکەیدا زیاتر دەڵێت: هەڵبژاردەی پیرۆ ئامادەیە بۆ یاریی کۆتایی و لە بەرازیل بباتەوە و نازناوەکە بەبەنەوە.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عەفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 7. Jul. 2019 No: (5783)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ئەو گۆرانیەی هەموو نەتەوەکان بە هی خۆیان دەزانن



بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی خۆشەویست و نیشتیمان پەروەر کاوان حەمید حەلاق کەلاوڵاتی هۆڵندا دەژیت ،یەکێکە لەوهونەرمەندانەی بەچڕی کاربۆهونەری کوردی وپاراستنی ڕەسەنایەتی دەکات وهەمیشە بەجلی کوردی لەچالاکییەکان دەردەکەوێیت ، کاروان ئەم جارە بەرهەمێکی هاوبەشی هەیە کە گۆرانیەکی هونەرمەندی گەورە مەزهەری خالقییە ،لەلێدوانێکی تایبەت بەخەبات هونەرمەند گوتی: کاری ئەم جارەمان گۆرانی
(کە دەڵێن ئەمرۆ دەشت و کێو شینە)یە ،بەڵام بە شێوەی جیاواز بەرهەم مان هێناوە ئەم گۆرانییە بە چەند زمانێکی جیاواز گوتراوە کە وەک: (کوردی، عەرەبی، تورکی ، یۆنانی) هەر میلەتە و بە مۆڵکی خۆی دەزانێ، دوایی گفتوگۆ و قسە کردنێکی زۆر لەسەر سەرەتایی دروست بوونی ئەم گۆرانی یە، هێنراوە لە وڵاتی هۆڵندا ،کە خاوەنی کەی هونەرمند (باقڵ سەرهەنگ)ە و کاری موزیک و ڤیدیۆش لەلایەن ستودیۆی یادمیدیاوە کراوە. سوپاس بۆ ئەو کەسانەی هەر لەسەرەتاوە لەم پرۆژەیەدا هاوکار بون کە بریتین لە ١٠ هونەرمەندی کورد و بیانی.

بەڵام هیچ کامان دانمان نەنا بەوی دیکەمان و نکۆڵیمان کرد لەوەی مۆڵکی میلەتێکی تر بێت بۆیە بڕیارمان دا پارچەکانی ئەم گۆرانی یە کۆبکەینەو و بیکەین بە گۆرانییەکی هاوبەش و سەرنج ڕاکێش تا زۆرترین گوێگری هەبێت. هونەرمەند زیاتر گوتی:من وەک کاروان حەمید حەلاق، نازانم میژووی دروست بونی ئەم گۆرانییە بۆ کێ و بۆ کەی دەگەڕێتەوە ،بەڵام من مامۆستا (مەزهەری خالقی) بە خاوەنی ئەم گۆرانییە دەزانم.

بیرۆکەی ئەم کارە هاوبەشە کاروان حەمید حەلاق دەڵێت: بیرۆکەی ئەم کارەم لا دروست بوو کە بە هاوبەشی و بە چەند زمانێکی جیاواز وەک زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و یۆنانی ئەم کارە بەرهەم بێنین و وەک و خۆی بیهێنینەوە ڕەسەنایەتی تێدا بپارێزین، بەڵام بە شێوازێکی هاوچەرخ و ستایلێکی نوێ.کاری ئە م بەرهەمە لە ستۆدیۆی یاد میدیاوە بەرهەم

سلێمانی لەمەراسیمێکی شایستەدا ڕێز لە جەمال عەبدول گیرا



ناسیح عەلی خەیات –سلێمانی

لەشاری سلێمانی.. زانکۆی سلێمانی بە هاوکاری کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە ڕێزلێنان لە مامۆستا جەمال عەبدول ڕێکخست، بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەدۆست و ئازیزان و کەسایەتی و بەرپرسانی ئیداری شارەکە دیاری و ڕێزلێنان بە مامۆستا جەمال عەبدول کەسایەتی دیاری شارەکە بەخشرا لەپای ئەوخزمەتە زۆرەی بەو شارەی کردووە.

لەهەڵەبجە گروپی هونەری منداڵان دروست دەکرێت



بەرهەم شێخ عزەدین

لەئاگاداریەک دا بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەڵەبجە بڵاویان کردۆتەوەو وێنەیەکی دەست خەبات کەوتوە تێیدا هاتوە: داوالەدایکان و باوکانی شاری هەڵەبجەو دەوروبەری دەکات کە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەڵەبجە بەمەبەستی دروستکردنی گروپێکی هونەری بۆ هونەری (گۆرانی و شانۆی منداڵان) داوا دەکەین هەر منداڵێک بەهرە یا حەزێکی هونەری تێدایە پەیوەندیمان پێوەبکات بۆ بەشداری کردن یا بونە ئەندام لەو گروپانەدا، وەکو لەو داوایەدا هاتوە هەرکەس ئارەزووی بەشداری هەیە با ڕۆژی دووشەمە (١٥/٧/٢٠١٩) کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی سەردانی بەڕێوبەرایەتی گشتی هونەری هەڵەبجە بکەن.

داریوش و ئەسکەندەر و کورد لە یەکەم پێشانگای جیهانیدا

وا بڕیارە ڕۆژی 8ی مانگ پێشانگای جیهانی عەبدولڕەحمان پاشا سەبارەت بەشەڕی ئەربیلا و ئەسکەندەر و داریوش ڕۆڵی قارەمانێتی سەرکردەی کورد ئاریو بەرزەن لە شەڕی جیهانی پێش 2350 ساڵ بکرێتەوە.
جێی ئاماژەیە ئەم پێشانگایە ڕۆژانی 8 تا 11 مانگ لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر بەردەوام بێت.

لە ئەمستردام

ئەتەلێی هونەرمەندی شێوەکار ئیحسان کرایەوە

ئاشتی کەرمیانی .. هۆڵەندا

لە شاری ئەمستارام لە خاسپیرپلاتس هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئیحسان محی الدین لەدوای کۆمەڵێک چالاکی هونەری شێوەکاری لە شاری ئەمستردام ئەتەلێ ی تایبەتی بەناوی ئیشان ئەتەلێ ی خۆی کردەوە بەئامادە بوونی چەندین لە هونەرمەندان و ناسراوانی هونەری شێوەکاری کورد و هۆڵەندی ، کە کۆمەڵێک لەکارە هونەرییەکانی نمایش کردبوون بریتی بوون لەستایلێکی تایبەتی کەبە کەرەستەی ئەکریلیک دایانی ڕشتبوون کە پتر کاری دەربڕین خوازی و ئابستراکێکی هاوچەرخی بوون ، ئەمەش هەنگاوێکی هونەری نوێی هونەرمەند بوو بۆ تاقی کردنەوەی کارە هونەریەکانی ، هونەرمەند ئیحسان محی الدین لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە ، و لەسەرەتایی ساڵانی ١٩٩٠ و لە شاری ئەمستردام نیشتەجێ بووە ، بەشدارە لەهەموو چالاکی یە هونەری و ڤیستڤاڵە هونەریەکانی وواڵاتی هۆڵەندا ، و هونەرمەند سەرکەوتوو بووە لە دروست کردنی ئەو پردە هونەری یەی کە دروستی کردوە لە نێوان هونەرمەندە کوردەکان و هۆڵەندییەکان و بەردەوام لە سەنتەرە هونەریەکانی شاری ئەمستردام لە چالاکی یەکی نوێدا نمونەیەکی نوێ ی کەلتووری کوردی و هونەری نمایش دەکەن چ لەگەڵ میوزیک و چ لەگەڵ شانۆ دا .






نەرمین شەوقی گۆرانی بۆ کەرکوک دەڵێت

وریشە عومەر

هونەرمەندی ئاواز دانەر هەڵکەوت زاهیر لەتۆڕی کۆمەڵایەتی ئینیستاگرام (گۆرانی کەرکوک)ی بڵاو کردەوە و دەڵێت : گۆرانی کەرکوک لەتێکستی دکتۆر ئاراز عەبدول کەریم و ئاوازی هەڵکەوت زاهیر و دابەش کردنی یەڵدان ئۆگۆز لەوڵاتی تورکیا و گوتنی نەرمین شەوقی کەخەڵکی شامە لەوڵاتی سوریا و دەرهێنانی بڕیار فەتاح)ە. گۆرانییەکە بۆشاری کەرکوک گوتراوە و ئێستا لەسۆسیال میدیا و کەناڵاکانی ڕاگەیاندن بەردەستە.



لوقمان سەلیم هەناوەی بڵاوکردەوە

بەرهەم شێخ عزەدین: هونەرمەندی دەنگخۆش لوقمان سەلیم، لە والّی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک، دەربارەی کاری نوێی هونەری خۆی بڵاویکردۆتەوە، کەوا کارێکی نوێی لەگەڵ گروپی میوزیکی پایز وەک جەژنانە پێشکەشی هەوادارانی خۆی کردووە. گۆرانیە نوێیەکەی لوقمان سەلیم بەناوی (هەناوە)یە، ئامادە کردنی موزیک لەلایەن خەلیل عەبدوللاوە بۆ کراوە، لە ئاوازی نەژاد بەرزنجیەو تیکستی ریبوار ستار و میکس ماستەرینگ ستودیوی بڵند قەرەداغی و دەرهینان و کامیرەی دیار مەهدیە.

گۆشتی سور یان شەکرە و زەخت هۆکاری مردنن؟

بە پێی توێژینەوەکان ئەگەری مردن بە نە خۆشیە درێژخایەنەکانی وەکو شەکرەو زەخت و نەخۆشیەکانی دڵ زیاترە لەو کەسانەی ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆر گۆشتی سوور دەخۆن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە بوونی ڕێژەیەکی زۆر چەوری تێر و کۆلیسترۆل لە گۆشتی سوور داو و مادەی TMAOکە ڕەنگە هۆکاربێت بۆ ڕەقبوونی دەمارەکان و تەسکبوونەوەی لولەکانی خوێن و هەروەها هەندێک مادەی کیمیای کە لە ئەنجامی لێنانی گۆشت دروست دەبێت لە پلەیەکی گەرمای زۆر بەرزدا .. بۆیە باشترە لە هەفتەیەکدا تەنها دوو بۆ سێ ژەم گۆشتی سوور هەبێت و ئەگەر ڕۆژانە بخوڕێت پێویستە لە ٠. گرام زیاتر نەخوڕێت ڕۆژا